Available online at http://aran.garmian.edu.krd

**Aran Journal** for Languages and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02- 32

# ڕۆڵی پەروەردە لە بەهێزکردنی هەستی ژێبەند ( ئینتیما)ی نەتەوەیی گەنجانی هەرێمی کوردستان.

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرا)

**غەریب ئیبراهیم سلێمان، ئیبراهیم عومەر سادق**

بەشی کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

**ئینتیما (ژێبەند)ی نەتەوەیی، پەروەردە، نەتەوەسازی، ناسنامەی نەتەوەیی**

**Corresponding Author**

ghareeb.sulaiman@soran.edu.iq
ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

**پوختە:**

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە بنیاتنانی ئینتیما (ژێبەندی)ی نەتەوەیی و دروستکردنی هەستی پەیوەستبوون بە نەتەوەیەکی دیاریکراو دەگێڕێت، دواجار ئەمانە لە پێڤاژۆی نەتەوەسازیدا ڕێگەخۆشکەرن. ئەم توێژینەوەیە بەدواداچونێکی چەندایەتی بۆ ئەم کارگەرییە دەخاتەڕوو. ئامانجی سەرەکی دەرخستنی ئاستی پێشبینی ڕەهەندی پەروەردەییە لە سەر هەستی ژێبەندی گەنجانی کوردستان، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە و ئامرازە ئامارییەکان، کە پرۆسەی شیکارییان بە هۆیەوە ئەنجامدراوە بریتیین لە؛ هاوکۆڵکەی پەیوەستی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوە جێگیری بە ڕێگەی پێوانەکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان بوارەکانی ژێبەندی نەتەوەیی و ڕەهەندی پەروەردە. ئەلفاکرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی. یاسای تی تێست یەک نموونە (One-Sample T. Test)بۆ زانینی ئاستی ئینتیمای نەتەوەیی بەپێی بواری پەروەردە، هەروەها شیکاری (Regression) بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و ژێنەبدی نەتەوەیی. تیۆرییە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە بیناخوازی، مۆدێرنیزەکردن و ئیتنۆ سیمبۆلیزم. دەرەنجامەکان ئاستێکی بەرزی ژێبەندی نەتەوەیی لەناو زۆرینەی بەشداربووواندا نیشان دەدەن. هەروەها ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەزموونی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەستی شانازی و ناسنامەی نەتەوەیی گەنجان هەیە.

## پێشەکی

بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە لایەنە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت، پرۆسەکە هەموو ڕەهەندە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکان لەخۆ دەگرێت، بە ئامانجی دروستکردنی ناسنامە، بەهای هاوبەش و هەستی سەربەخۆیی لە نێوان گرووپە نەژادی، کولتووری و زمانە جیاوازەکاندا دروستدەکات. ڤانگەلی پێیوایە، ڕەچەڵەکی دروستبوونی نەتەوە دەکرێت لە مێژووی شارستانییەتە کۆنەکاندا سەرچاوەیگرتبێت، کە تیایدا ئیمپراتۆریەتەکان هەوڵیاندەدا، فرەیی دانیشتوان، لە قالبێکی کولتووری و سیاسی هاوبەشدا یەکبخەن. لە دیارترین نموونەی مێژوویدا ئاماژە بە ئیمپراتۆریەتی میسر، بابلی و ڕۆمانی دەکات (Vangeli, A., 2011)، کە ستراتیژییەتی جۆراوجۆریان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش و پاراستنی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. لەم هەوڵە سەرەتاییانەدا، بۆ بنیاتنانی نەتەوە زۆرجار پشت بە باوەڕی ئاینیی هاوبەش و ئەفسانەی هاوبەش بەستراوە.

دوای شۆڕشی پیشەسازی کۆلۆنیالیزم کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر پێڤاژۆی بنیاتنانی نەتەوە بەتایبەتی لە ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکا هەبوو، هێزە ئەوروپییەکان سیستمی سیاسی، ئابووری و کولتووریی خۆیان بەسەر ناوچە داگیرکراوەکاندا سەپاند، پشتگوێخستنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنی دابەشبوون لە نێوان کۆمەڵگە ڕەسەنەکاندا، وایکرد، جیهان لە سەدەی بیستەمدا شایەتی کۆمەڵێک بزوتنەوەی دژەداگیرکاری بێت، کە تیایدا کۆلۆنیکراوەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و مافی خۆبەڕێوەبردن خەباتیاندەکرد. بنیاتنانی نەتەوە بووە لایەنێکی گرنگی ئەم پرۆسەیە، چونکە نەتەوە تازە سەربەخۆکان هەوڵیان بۆ یەکخستنی دانیشتوان و بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی چڕکردەوە، سەرکردەیەکی وەک مەهاتما گاندی ڕێچکەی بنیاتنانی نەتەوەیی بۆ زاڵبوون بەسەر میراتی داگیرکاری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو گرتەبەر (Stockwell, T., 2005).

بێگومان پێڤاژۆی بنیاتنانی نەتەوە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە خێراتر دەبێت، دامەزراندنی پێکهاتەی حوکمڕانی کاریگەر، داڕشتنی دەستوور و پەرەپێدانی دامەزراوەکان دەتوانن بەشداری سیاسیی گشتگیر بەهێزبکەن و خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەشبکەن، ئەمە بنیاتنانی سیستمی بەڕێوەبردنی بەهێز و دامەزراندنی سەروەری یاسا و دڵنیابوون لە بەرپرسیاریەتی و شەفافیەت دەگرێتەوە، دواجار ئەمە سەردەکێشێ بۆ بەهێزکردنی هەستی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکخستنی کولتووری، لەم نێوەندەدا لە چواچێوەی کۆمەڵگەکانی پشت ئەستور بە بنەماکانی دیموکراسی هەوڵەکان بریتی دەبن لە برەودان بە زمانێکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، هێما نەتەوەییەکان، یەکگرتوویی کولتووری بۆ باشترکردنی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی دابەشبوونی نەژادی و کولتووری (Etzioni, 2006).

بنیاتنانی نەتەوە و ژێبەندی نەتەوەیی دوو چەمکی نزیک لەیەک و بەیەکەوە گرێدراون و بەیەکەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی ناسنامە و یەکگرتوویی و سەقامگیری دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگێڕن. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری بە ئامانجی دروستکردنی نەتەوەیەکی هاوبەند و یەکگرتوو دەگرێتەوە، لە کاتێکدا ژێبەندی نەتەوەیی ئاماژە بەو پەیوەندییە هەستەکی و ناسنامەییە دەکات، کە تاکەکان بەهۆیەوە هەست بە بوونی نەتەوەکەیان دەکەن. بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو چەمکە یاخود ئەو گۆڕاوانە گرنگە ئەو پرسیارە بووروژێنین، داخۆ چۆن دەستپێشخەرییەکانی بونیاتنانی نەتەوە دەتوانن ناسنامەیەکی هاوبەش و هەستێکی نەتەوەیی بەهێز بەرهەمبێنن و پەیوەندیی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت پتەوبکەن؟

یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی نەتەوەسازی بریتییە لە بەرهەمهێنانی "هەستی ناسنامەی هاوبەش" بەهۆی ئاوێزانبوونی کولتوورییەوە، لە ڕێگەی برەودان بە زمانێکی هاوبەش، مێژوو، نەریت، هێما، سیمبۆل و ڕەفتارە کولتوورییە جیاوازەکان، کە بەهۆیانەوە گرووپە نەژادییەکان (ethnic) وێڕای هەبوونی جیاوازی کولتووری و زمانەوانی یەکدەگرن، واتە جەختکردنەوە لەسەر هاوبەشییەکان و پێڤاژۆی نەتەوەسازی دەتوانێت لە دروستکردنی ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ یارمەتیدەر بێت، کە جیاوازی تاکەکان تێپەڕێنێت. بە لای تیۆرڤانەوە پەروەردە شاڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، واتە پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیاتنانی نەتەوە و دروستکردنی هەستی پەیوەستبوون بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە هەیە، پرۆگرامەکانی قوتابخانە، کتێبەکان و سیاسەتی پەروەردەیی دەتوانن کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی فێرکردن و تێگەیشتن لە مێژوو و شێوەدان بە یادەوەری بەکۆمەڵی نەتەوەیەک هەبێت، بە گێڕانەوەی چیرۆک و ئەفسانەی نیشتیمانی دەکرێت دەستکەوتە هاوبەشەکان و خەبات و بەهاکانی نەتەوەیەک گرنگیان پێبدرێت و نرخاندنێکی بەرزیان بەبەردابکرێت، بەم شێوەیە پەروەردە دەتوانێت لە بەهێزکردنی هەستی نیشتیمانی و شانازی نەتەوەیی بەشدار بێت (Wan & Sirat 2018).

## کێشە و پرسی توێژینەوە

هەرچەندە کورد بە تایبەتمەندی نەتەوەیی، نەژادی، زمان و کولتووری دیاریکراوی خۆیان دەناسرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دابڕان و دابەشکارییەی لە مێژوودا بەسەریاندا هاتووە و دواجار بەسەر چەندین وڵاتدا لەوانە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا دابەشبوون، ئەمەش وایکرد ئاڵۆزی لە پێناسەکردن و هەبوونی ناسنامەی یەکگرتووی نەتەوەیی دروستببێت. عەلی (٢٠٠٩) ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕاستە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک هەوێنی ناسنامەیەکی یەکگرتوو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا قۆناغی ئەرێنی و تەندروستی بڕی، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە ماوەی نێوان پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان دروستبوون و بەهۆیانەوە خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوەیی جیاواز دابەشکرا، ئەو دابەشبوونەش لە ڕێی سنوورەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هۆکاری دابەشبوونی مێژوویی، کولتووری، ئابووری، زمان، ناسنامە و چارەنوسیش بوو (Houston, C., 2009).

یەکێک لە هۆکارە مێژووییەکانی لاوازبوونی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستان، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی کولتوورێکی دوور مەودای لەیەکترازان، ناکۆکی و یەکتر ڕەتکردنەوە (ئیروانی، ٢٠٢٠)، لەبەرئەوەی شەڕە ناوخۆییەکان ناکۆکییەکی وێرانکەرن و کۆمەڵگە دابەشدەکەن و دەبنە هۆی ئازارێکی زۆر و مەینەتبار. کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی و کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە هەرێمی کوردستان زەبرێکی کوشندە بوو، هەروەها بووە هۆی ئاوارەبوون، پەککەوتەبوون، لە ناوچوونی ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێم و کۆچکردنی عەقڵەکان "brain drain"، ئەمەش خەسارەتێکی مرۆیی گەورەبوو و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەوشی خێزانی و پەروەردەیی لە هەرێم دانا. لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەتایبەتیش پەروەردەیی تا ڕاددەی سفر دابەزی و پرۆسەی پەروەردە لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوویەوە (Arif & Mokhtar, 2022)، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بۆ لاوازبوونی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە بۆ سەرنجدان بە بەها، ناسنامە و مێژووی هاوبەش و بەرهەمهێنانی هەستی ئەندامبوون لە کۆمەڵگە و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی گرنگە، بێگومان ئەمەش لە بەردەم پێڤاژۆی بنیاتنانی نەتەوە و چەکەرەکردنی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی لەمپەرێکە (Daily Outlook, 2023).

لە لایەکیترەوە لێکۆڵەران و پەروەردەکاران لەسەر ئەوە کۆکن، کە "پەروەردە بەچەندین شێوە ئاسانکاری بۆ نەتەوەسازی دەکات و دەتوانێت بە فێرکردن و جۆشدان (indoctrination) ئارەزووەکانی تاک بگۆڕێت (Alesina, A., Giuliano, P. and Reich, B., 2021)، هەروەها پەروەردە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێڤاژۆی نەتەوەسازیدا دەگێڕێت، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی چاندنی بەها و نۆرم و زانیاریی هاوبەش بێت، کە ژێبەندی و ناسنامەی نەتەوەیی بەرەوپێشدەبەن. لە ڕێگەی پەروەردەوە نەتەوەیەک دەتوانێت مێژوو، کولتوور، زمان و بەرپرسیارێتی مەدەنی بۆ وەچەی نوێ و گەنجانی وڵاتەکەی بگوازێتەوە، کە زۆرجار وەک داینەمۆی گۆڕانکاری و سەرکردەی داهاتووی کۆمەڵگە سەیردەکرێن. لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە دەوڵەتانی نەتەوەیی تازە پێکهاتوودا بزووتنەوەی چاکسازیی پەروەردەیی لە هەوڵی بنیاتنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا بوون. لە کۆمەڵگەکانی دوای کۆلۆنیالیزمیشدا زۆرجار پەروەردە بۆ بەرەوپێشبردنی یەکێتی و یەکگرتنی نەتەوەیی لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی دابەشبوونی نەتەوەیی، زمانەوانی و ئایینی کە میراتی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بووە، بەکارهێنراوە، ئەمە بێجگە لەوەی، ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە لێیوردبینەوە، پەروەردە ئامرازێکی کاریگەر بووە بۆ بەهێزکردنی هەستی ژێبەندی لە نێوان هاوڵاتیان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بە تایبەت لە وڵاتانی بەرکەوتە و زیانپێگەیشتووی جەنگ، ئەویش لە ڕێگەی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی نیشتیمانی بۆ خوێندن و پەروەردە و بەکارهێنانی زمانی نیشتمانی لە پەروەردە و فێرکردندا (Darden & Grzymala-Busse, 2006). بێگومان گەنجان پێشەنگی گۆڕانکاریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی نێو کۆمەڵگەن، پەروەردە بە بنیاتنانی بەها و ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوانیاندا دەتوانێت لە دروستکردنی نەوەیەک، کە گرێدراوی کولتووری و کۆمەڵایەتی تۆکمە پێکەوەیان ببەستێت، یارمەتیدەر بێت، ئەمەش کۆڵەگەیەکی گرنگە لە پێڤاژووی نەتەوەسازیدا. ئایا لە هەرێمی کوردستان سیستمی پەروەردە لە بەجێگەیاندنی ئەو ڕۆڵە سەرکەوتوو بووە، یاخود ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە؟ دەمانەوێ لەم توێژینەوەدا و لە چوارچێوەی ڕەهەندی پەروەردەدا بە داوی وەڵامی ئەو پرسە دا بگەڕێین؛ ئاخۆ تا چەند سیستەمی پەروەردە کاریگەری لە بەهێزکردنی هەستی ژێبەندی گەنجانی هەرێمی کوردستان هەیە؟ ڕەنگە لە کۆتاییدا بگەینە وەڵامێک بۆ ئەم پرسانەش؛ ئایا سیاسەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ئەرێنی لە پەروەردەکردنی هەستی نەتەوەیی لە نێو گەنجاندا هەبووە؟ تا چەند بەرنامەی خوێندن لە قوتابخانەکاندا ناسنامەی نەتەوەیی و ژێبەندی نەتەوەیی لەنێو گەنجانی هەرێمی کوردستاندا بەهێز کردووە "بە تایبەت لە تێکەڵکردنی بابەتی مێژووی نەتەوەییدا"؟

کەواتە گریمانەی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە؛ "ڕەهەندی پەروەردە، پەیوەندیی ڕاستەوانەی لەگەڵ بەرزکردنەوەی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی گەنجانی هەرێمی کوردستان هەیە". هاوکات ئامانجە سەرەکییەکانیش ئەمانەن: زانینی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان، زانینی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە گوێرەی ڕەهەندی پەروەدەیی و لە کۆتاییدا دەرخستنی ئاستی پێشبینی ڕەهەندی پەروەردەیی لە سەر هەستی ژێبەندی گەنجانی کوردستان.

## پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو

لەم بەشەدا گەڕان، پێداچوونەوە و کورتکردنەوە بۆ ئەو کارە زانستییانە دەکەین، کە پێشووتر ئەنجامدراون، ئامانج فراوانکردنی مەعریفەی زانستی و دۆزینەوەی کەلێنی مەعریفییە. لە سەرەتادا چەند چەمکێکی پەیوەندیدار بە شێوەیەکی سادە دەخەینەڕوو. ئامانجی ئەم بەشە زیاتر پشگیریکردنی ئەو ئارگومێنتانەیە، کە لەم توێژینەوەدا خراونەتەڕوو.

زۆرینەی تێۆرڤان و زانایانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان لەوبڕوایەدان، کە فاکتەرگەلێکی وەک زمان، خاک، ڕەگەز، کولتوور، مێژوو، هەتا دونیابینین بە توندی بەیەکەوە گرێدراون و دەکرێت ببنە مایەی هەستی بەیەکەوە بوون و ناسنامەی هاوبەش، کە دواجار ئەمانە هەموو بەیەکەوە دەتوانن بۆ دروستبوونی نەتەوەیەک ئاماژەیەکی بەرجەستە بن. بە شێوەیەکی گشتی نەتەوەسازی بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەجەمسەر وێنادەکرێت، بۆ تێگەیشتن لێی سەرەتا ڕەنگە وا پێویستبکات، هەندێک یاخود بەنزیککراوەیی زۆرینەی لایەنەکانی لە ڕێگەی خستنەڕووی چەند پێناسەیەکی سادەوە ڕوونبکرێنەوە.

وەک چەمک نەتەوەسازی دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتە تازە سەرهەڵداوەکانی دوای کۆلۆنیالیزم برەویسەند، بەڵام تا هەنووکەش مشتومڕ و ناکۆکی لەسەر ناوەڕۆکی ئەم چەمکە لە ئارادایە (خلیل، ٢٠١٧)، دەکرێت بڵێین ئاماژەیە بۆ پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیەک بە ئامانجی

یەکخستنی خەڵک یان گەلانی ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆئەوەی لە دوور مەودادا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە جێگیر و زیندوو بمێنێتەوە، داینەمۆی زیندوومانەوەکە لە لایەک هێزی دەوڵەتە؛ لە لایەکیدیکەوە دروستکردنی پلەیەکی بەرزە لە یەکریزی و گونجان و هەستکردن بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش لە نێوان خەڵکدا (Etzioni, 2005).

بابەتی ناسنامەی نەتەوەیی یەکێکی دیکەیە لە چەمک و ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە؛ دەتوانرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە هەبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشی وەک کەلەپوور، نەریت، زمان لە لایەن نەتەوەیەکی دیاریکراو لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا. بێنێدیکت ئەندرسۆن لە کتێبەکەیدا بە ناوی کۆمەڵگەی خەیاڵکردە "imagined communities" باس لە بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو هێما و تایبەتمەندییە کولتوورییانە دەکات، کە تاکەکانی نەتەوەیەک بەیەکەوە دەبەستنەوە و هەستێکی هاوبەشی ناسنامەیی دروستدەکەن (Anderson's, 2006)، بەمشێوەیە نەتەوە یاخود نەتەوەکان لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە بنیاتدەنرێن.

لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا تەنها بەها و نۆرمی نەریتی نین، کە ڕۆڵی کارا لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی دەگێڕن؛ بەڵکو مۆدێرنەکانیش لەم مەسەلەیەدا ڕۆڵیان هەیە. لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا بەها و نۆرمە مۆدێرنەکان ئاماژەن بۆ ئەو هەڵوێست، بیروباوەڕ و پرەنسیپانەی، کە بە شێوەیەکی باو قبوڵدەکرێن و دەچنە بواری پراکتیکییەوە، کە ڕەنگە لە ژێر کاریگەری هۆکاری جۆراوجۆری وەک گۆڕانکارییە کولتووری، کۆمەڵایەتی، تەکنەلۆژی و سیاسییەکاندا بن. بۆ نموونە هەندێک هێما و سیمبوڵی وەک ئاڵا، سروود و ڕووداوە مێژووییەکان لە لایەن تاکەکان لە باگگراوندی جیاوازەوە قبوڵدەکرێن و بەهۆیانەوە هەست و ناسنامەی هاوبەش دروستدەبن، لەلایەکی دیکەوە بەهاکانی مۆدێرنێتەی وەک دیموکراسی، مافی مرۆڤ، هۆشیاری ژینگەیی و سەروەری یاسا دەتوانن چوارچێوەیەک بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە مەدەنییەکان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیدوستبکەن؛ لەو حاڵەتەشدا ئەندامانی کۆمەڵگە هەست بەوە دەکەن، کە بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان لە حکومەت و کۆمەڵگاکەیاندا هەیە. بەهاکانی مۆدێرنێتە زۆرجار جەخت لەسەر بنەماکانی وەک یەکسانی و تێکەڵاوبوون دەکەنەوە، کە دەتوانن لە دروستکردنی هەستێکی ناسنامەی نەتەوەیی یارمەتیدەر بن، کە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی هاوبەش دامەزراوە، نەک لەسەر فاکتەرەکانی وەک نەژاد، ئایین یان چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەک زۆر گرنگە، کە دانیشتوانەکەی لە پاشخانێکی جیاواز ب،. بۆئەوەی بزانین پەروەردە لەم ڕووەوە چ ڕۆڵێکی هەیە، لە خوارەوە ئاماژە بە چەند توێژینەوە و تێزێکی پەیوەندیدار دەکەین:

لە ژێر ناونیشانی "ڕۆڵی پەروەردە لە بنیاتنانی نەتەوەدا"، یوجین ستەیل پێداچوونەوەی بۆ سێ کتێب کردووە، کە لە ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئابووریناسان لە پرسی پەروەردەیدا نموونەی دیارن. کتێبی یەکەم "لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پلاندانانی پەروەردەیی"، لە بڵاوکراوەکانی یونسکۆیە، توێژەر بە بەرزی دەینرخێنێت لەوەی، کە کۆمەڵێک شیکاریی گشتگیری بۆ پەیوەندیی نێوان پەروەردە و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو. دووەمیان "پەروەردە و گەشەپێدانی ئابووری" کۆمەڵێک توێژینەوەن، کە لە کۆنفرانسێکدا پێشکەشکراوە، لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆڵی پەروەردە لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردندا دەکۆڵێتەوە."ئابووری پەروەردە"ش ناونیشانی کتێبی سێیەمە، کۆمەڵێک توێژینەوە لە خۆدەگرێت،کە لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی ئابووری نێودەوڵەتیدا (the International Economic Association) پێشکەشکراوە، کتێبەکە لە بابەتەکانی وەک دروستکردنی سەرمایەی مرۆیی، داواکاری و دابینکردنی هێزی مرۆیی خوێندەوار، تێچوون و دارایی پەروەردە و هاوسەنگی نێوان پەروەردەی گشتی و پەروەردەی پیشەیی-تەکنیکی قووڵدەبێتەوە.

دەتوانین سێ تەوەری گرنگ لەو پێداچونەوەیەدا هەڵێنجین؛ ناساندنی پەروەردە وەک توخمێکی گرنگ لە گەشەی ئابووریدا و گۆڕانکاری لە دیدێکی تەقلیدییەوە، پەروەردە وەک کاڵایەکی بەکاربردن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک ئامرازایکی وەبەرهێنان. دووەمیان ڕۆڵی پەروەردە لە پێشکەوتنی ئابووریدا. خاڵی سێیەم هەڵسەنگاندنی فاکتەرە جیاوازەکانە، کە کاریگەرییان لەسەر پەروەردە هەیە، لەوانەش داواکاری بۆ هێزی مرۆیی خوێندەوار و یارمەتی نێودەوڵەتی لە پەروەردەدا. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە وڵاتە پیشەسازییەکانی وەک ئەمریکا، ئەڵمانیا، ژاپۆن و ڕووسیا بە ئاگاییەوە پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدان بەکارهێنراوە، هەروەها باشتربوونی کوالیتی هێزی کار لە ڕێگەی پەروەردەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە گەشەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩ بۆ ١٩٥٧ بەشداربووە. باس لەوە دەکات، کە کوالیتی پلانەکانی گەشەپێدان پشت بە ناوەڕۆک و شێوازەکانی پەروەردەیی دەبەستێت و ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە هەندێک لە توێژینەوەکان تەنها سەرنجیان لەسەر لایەن و پێوەری چەندایەتییە بۆ نموونە؛ ساڵ یان کاتژمێرەکانی خوێندن، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو باس لە هۆکارەکانی وەک بروانامەی مامۆستا، ناوەڕۆکی پرۆگرام و شێوازەکانی وانەوتنەوە بکەن.

لە کۆتاییدا وەک خوێندنەوەیەکی پوخت لە سەر ئەو توێژینەوەیە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە پەروەردە لە پێشخستنی گەشەسەندنی ئابووری ڕۆڵێکی کارا دەگێڕێت، کە ئەمەش لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا پاڵنەرێکی بەهێزە، بە وەبەرهێنان لە پەروەردەدا و پەرەپێدانی گەشەکردن لە کەرتی ئابووریدا پەرە بە سەرمایەی مرۆیی دەدرێت، بەرهەمهێنان بەرزدەبێتەوە، ڕەوڕەوەی داهێنان دەبزوێت و سەرچاوە ئابوورییەکان هەمەچەشن دەبن. هەروەها جوڵە و ئاوێزان وونی کۆمەڵایەتی پەرەدەسێنێت، بەمەش بناغە بۆ نەتەوەیەکی بەهێز دادەنرێت (Staley, E. 1966).

لە بارەی ڕۆڵی پەروەردەی مەدەنی لە بیناتنایی ناسنامەدا، یەکگرتوویی نەتەوەیی و نەتەوەسازی توێژینەوەیەک لە لایەن دوو توێژەری ڕوانداپی لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدراوە، باس لە کاریگەریی کۆلۆنیالیزم بەتایبەتیش دەستەڵاتی بەلجیکا لەسەر دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاری لە پەروەردەی مەدەنی لە ڕواندا دەکەن. پێش هاتنی کۆلۆنیالیستەکان ڕواندا نەریتێکی پەروەردەیی دەوڵەمەندی هەبووە، بەڵام

بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە سیستەمەکە بەرەو وێرانی چووە و  هۆکارێک بووە بۆ دابەشبوونی کۆمەڵگە. تەوەری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیراسەکردنی کاریگەرییەکانی بەرنامەی ئیتۆرێرۆ[1] (Itorero program)، کە لە سەردەمی پێش کۆلۆنیالیزمدا وەک مەیدانێکی فەرمی بۆ پەروەردەی سیاسی و کولتووری کاریدەکرد، بەهاکانی نیشتمانپەروەری و پەروەردەی مەدەنی لای هاولاتییان بەهێزدەکرد. بەڵام لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا سیستەمی پەروەردەیی گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە لە ژێر کاریگەریی ئەڵمانییەکان و بەلجیکاییەکاندا بوو، لە ئەنجامدا دابەشبوونی نەتەوەیی و سیاسەتی جیاکاریی بەدوای خۆیدا هێنا، کۆلۆنیالیزمی بەلجیکی لە ڕێگەی ڕەگەزپەرستی و گۆڕینی نەژادییەوە کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر هزری دانیشتوانی ناوچەکە بەجێهێشت و بەردەوام لە هەوڵی دابەشبووندا بوو، بەڵام حکومەتی ڕواندا دوای جینۆساید ئاوەدانکردنەوە، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی ئاشتی لە پێشینەی کارەکانی دانا، تیشکیخستەسەر گرنگی پەروەردەی مەدەنی و دووبارە دارشتنەوەی بۆ بەرنامەی ئیتۆرێرۆ کرد و چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئامانجی بوژاندنەوەی پەروەردەی مەدەنی تەقلیدی بوو بۆ بەرەوپێشبردنی بەها و کولتووری ڕواندا. بەرنامەکە لە قۆناغە تیۆری و پراکتیکییەکان بە مەبەستی بەرەودان بە پەروەردەی ئەخلاقی، سیاسی و کولتووری پێکدێت. باس لە کاریگەریی ئەرێنی بەرنامەکە لەسەر پێشخستنی یەکێتی نیشتمانی، هاودەنگی کۆمەڵایەتی، نیشتمانپەروەری و ڕێزگرتن لە دەسەڵات دەکات، پرۆگرامەکە بەشداری لە چۆنییەتی بنیاتنانەوەی نەتەوە لە دوای جینۆساید و بەهاکانی یەکێتی نەتەوەیی و بەرپرسیاریەتی بەکۆمەڵ دەکات.

هەر لە توێژینەوەکەدا هاتووە؛ بەشداریکردن بۆ قوتابیان بەشێوەی زۆرەملێیە و هەردوو برگەی تیۆری و پراکتیکی لەخۆدەگرێت، واتە پەروەردەی مەدەنی وەک لە پرۆگرامی ئیتۆرێرۆدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، گرنگی بە پەروەردەکردنی شانازی و ڕێزگرتن لە دەوڵەت دەدات، فێری ڕوانداییەکان دەکات، کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا داوای مامەڵەی یەکسان و هاوکاری بکەن، هەروەها ئاماژە بە ڕەگ و ڕیشەی بەرنامەکە دەکات لە نەریتەکانی پێش کۆلۆنیالیزمەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی شا ڕوگانزودا، کە ئیتۆرێرۆ وەک سەکۆیەکی مەشق و ڕاهێنان بۆ جەنگاوەران و سەرکردەکان کاریکردووە.  توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕواندای ئێستا لە ڕێگەی پەروەردەی مەدەنییەوە توانیویەتی تارادەیەکی باش کولتووری یەکێتی پێش کۆلۆنیالیزم بگەڕێنێتەوە و بە دروشمی نەتەوەیی جەخت لەسەر یەکڕیزی و کارکردن و خۆشەویستی بۆ دەوڵەت بکاتەوە. پایەکانی پەروەردەی مەدەنی، کە بریتین لە مێژوو، کولتوور، بەها نەتەوەییەکان و دیدگای دەوڵەت، کە ئامانجیان بەهێزکردنی یەکێتی، کۆمەڵگە، شانازی نەتەوەیی، سەقامگیری و گەشەکردنە. پەروەردەی هاوچەرخ لە ڕواندا، کار بۆ دروستکردنی ڕواندایەکی باشتر دەکات، لەڕێگەی ڕەواجدان بە بەهاکانی یەکسانی لە ئەرک و مافەکان، ئاشتی، ڕێزگرتنی یەکتر و نیشتیمانپەروەری، وەک ئەوەی ئێستا لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێکراوە. ئیتۆرێرۆ تاکەکان فێری دیسیپلین و کارکردنی پێکەوەیی و گرنگیدان بە بەهاکانی کولتووری نەریتی، کە  پێدەچێت ئەمە کلیلی گەشەسەندنی ڕواندا بێت. لە توێژینەوەکەدا پێشبنیکراوە، کە لە ساڵانی داهاتوودا ئەم بەرنامەیە هۆشیاری نەتەوەیی و پێویستی یەکڕیزی و بەرژەوەندیی هاوبەش بۆ وڵات زیاددەکات ( Gierszewska, W. and Sinining, V.C., 2023).

لە لایەن برای و کووپەر (Bray, T.M. and Cooper, G.R., 1979) توێژینەوەیەک بەناونیشانی "پەروەردە و بنیاتنانی نەتەوە لە نایجیریا دوای شەڕی ناوخۆ" ئەنجامدراوە؛ بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە تایبەتە بە پەروەردە لە نایجیریا دوای شەڕی ناوخۆ وەک ئامرازێک بۆ یەکگرتوویی نیشتیمانی. ئەمەش دوای ئەو ململانێیە وێرانکەرە دێت، کە درزی گەورەی لە نێوان هەرێمەکانی نایجیریا دروستکردبوو. توێژەران بە پشتبەستن بەو بیرۆکەیەی، کە سیستمێکی پەروەردەی یەکگرتوو دەتوانێت ناسنامەیەکی نیشتیمانیی هاوبەش دروستبکات، لەگەڵ ئێرنست گێلنەر هاوڕان، کە جەخت لەسەر ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ستانداردکردنی زمان، کولتوور و بەهاکان لەنێو گروپە جیاوازەکاندا بۆ پاراستنی دەوڵەتی مۆدێرن دەکات.

توێژەران وەک نموونەی توێژینەوە ئاماژە بە جێبەجێکردنی خوێندنی سەرەتایی گشتگیر دەکەن، کە حکومەتی نایجیریا لە ساڵی ١٩٧٦ ئەنجامیدا، دابینکردنی خوێندنی خۆڕایی و زۆرەملێ بۆ سەرجەم منداڵان، وێڕای ئەوەی وەک ئامرازێک بۆ خوێندەواریی بەکۆمەڵ و بەرهەمداریی ئابووری دەبینرا، ئامانجی هاندان بوو بۆ هێنانەدی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەروەها توێژینەوەکە باس لە قۆناغی دروستکردنی قوتابخانە، ڕاهێنانی مامۆستایان و چاکسازی لە بەرنامەی خوێندندا دەکات، کە بووە هۆکارێک بۆ فراوانبوونی ژێرخانی پەروەردەیی بە شێوەیەکی خێرا.

---

[1] پرۆگرامی پەروەردەی مەدەنی، کە بە "ئیتۆرێرۆ"ش ناسراوە، یەکێکە لە دەستپێشخەرییە نیشتیمانییەکانی ڕواندا. ئیتۆرێرۆی نەریتی، قوتابخانەیەکی سەرکردایەتی و کولتووری بوو، کە تیایدا ڕوانداییەکان فێری زمان، نیشتمانپەروەری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەرزش، سەما، گۆرانی، هونەرە جەنگییەکان و سەرکردایەتی دەبوون. ئیتۆرێرۆ لە ساڵی ٢٠٠٩دا وەک ڕێگەیەک بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتیی نەتەوە بۆ هاندانی ڕوانداییکان و پابەندبوونییان بە بەها کولتوورییە گرنگەکان و وروژاندنی هەستی دڵسۆزییان بۆ وڵاتەکەیان دووبارە خرایەوەگەڕ. کولتووری "ئینتۆرێ" (کەسێک کە فێرکارییەکانی ئیتۆرێرۆی وەرگرتووە) زۆر بەرز دەنرخێنرێت. پرۆگرامی مۆدێرنی ئیتۆرێرۆ دەرفەت بۆ بەشداربووان دەڕەخسێنێت تاکو بەها ئەرێنییەکان بەهێز بکەن، هەستی بەرپرسیارێتی لە ڕێگەی نیشتمانپەروەرییەوە بنیاتبنێن، کولتووری خۆبەخشی دروستبکەن و توانستە پیشەییەکانیان پەرەپێبدەن. حکومەتی ڕواندا لە ڕێگەی ئیتۆرێرۆ و دەستپێشخەرییە هاوشێوەکانەوە هەوڵیدا کولتووری خزمەتکردنی وڵات بۆ هاندانی خزمەتی خۆنەویستانە بەبێ هیچ پاداشتێکی دارایی دووبارە بچەسپێنێتەوە؛ ئەمانەش ئەو خەسڵەتانەن، کە یارمەتیدەرن بۆ خێراکردنی پێشکەوتن و بەهێزکردنی یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دەستپاکیی گشتی.

دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە فراوانبوونی سیستمی پەروەردەیی وەک قوتابخانە، زانکۆ و کۆلێژە حکومییەکان بۆ برەودان بە تێگەیشتنی نێوان کولتوورەکان و جووڵەی کۆمەڵایەتی کاریانکردووە. چاکسازییەکانی بەرنامەی خوێندن جەختیان لەسەر پەروەردەی مەدەنی، مێژووی نیشتیمانی و زمانی ئینگلیزی وەک زمانی پەیوەندیی هاوبەش کردووەتەوە، بەمەش پەیوەندییان لە نێوان زیاتر لە ٢٠٠ گروپی نەژادی نایجیریادا پتەوتردەکرد، ئەم دەرەنجامانە پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەن، کە کاتێک پەروەردە بە شێوەیەکی ستراتیژی بەکاردەهێنرێت، دەتوانێت وەک هۆکارێک بۆ یەکرەنگکردنی کولتووری و یەکێتیی نیشتیمانی خزمەت کات، هەرچەندە پرۆسەکە رووبەڕووی هەندێک بەربەست بووەتەوە، لەوانەش کورتهێنانی دارایی، زیادەڕۆیی لە خەملاندنی تواناکان، کەمتوانایی لە جێبەجێکردن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی، کە لەڕووی ئابوورییەوە هەژارن یاخود باش گەشەیاننەکردوە. وێڕای ئەوەش گرنگیدانی بەردەوام بە خوێندن بە زمانی دایک بەهۆی واقیعە پەروەردەییەکانەوە بە شێوەیەکی پێچەوانە دژی ئامانجی نیشتیمانیی یەکگرتنی زمانی لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە کاریدەکرد ( Bray, T.M. and Cooper, G.R., 1979).

توێژینەوەیەکی دیکە لە لایەن توێژەی زیمبابۆیی "Magijani Dzvimbo" ئەنجامدراوە؛ بە ناونیشانی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی نەتەوە: "بەرنامەی نوێی خوێندنی وولاتی زیمبابۆ وەک نموونە"، بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی چاکسازی لە بەرنامەی خوێندندا، لە پێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. توێژەر سوودی لە تیۆری "بەرنامەی خوێندن" و مۆدێلی ( Hall and Hord's (2001) Concerns-Based Adoption Model) وەرگرتووە، دەرەنجامەکان ئاماژە بە چاکسازیی بەرنامەی خوێندن لە زیمبابۆ دەکەن، کە لە ساڵی ٢٠١٧دا دەستپێیکرد، بەرنامەی چاکسازییەکە پاڵنەرێکی گرنگە بۆ نوێکردنەوەی پرۆسەی پەروەردە، بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی واقیعی ناوخۆیی و گۆڕانکارییە جیهانییەکان بێت، هەروەها توانیویەتی کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی میراتی کۆلۆنیالیزم بکات،کە لە بەرنامەکانی پێشوودا چەسپاون، وێڕای برەودان بە پەروەردەی کرداری و قوتابی سەنتەری (قوتابی-تەوەر)، لەبری فێربوون بە شێوازی لەبەرکردن (بانکی) چاکسازییەکان داهێنانەکانی وەک تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان، زانست و تەکنەلۆژیا و ئەندازیاری و بیرکاری، خوێندنی کەلەپوور لەخۆدەگرن، هەروەها بە ئامانجی پەروەردەکردنی هاووڵاتییەکی پشتبەخۆبەستوو، خاوەنکار و گۆشکراو بە پرەنسیپە کولتوورییەکان کار بۆ گۆڕانکاری و هەڵسەنگاندنی بونیادنەر دەکەن.

وێڕای هەبوونی چەند بەربەستێک، لەوانەش کزی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی، لاوازی ئاستی ڕاهێنانی مامۆستایان و بەرگریکردن لە بەرانبەر گۆڕانکاریی پێداگۆجی، توێژینەوەکە ڕۆڵی چاکسازییەکان بەرزدەنرخێنێ بەوەی، کە توانی دەرچووی بەهێز بەرهەمبێنێت، کە دەتوانن کار بەدەستبخەن و داهێنان ئەنجامبدەن، بەشداری ڕاستەوخۆیان لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی-ئابووریدا بەتایبەتیش؛ لە ڕێگەی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییە نیشتمانییەکان هەبێت ((Dzvimbo, M. A., Magijani, 2018).

پەروەردە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، ناونیشانی توێژینەوەیەکە، لە پەیوەندیی نێوان پەروەردە و هەستی ناسنامەی نەتەوەیی لە ژاپۆن دەکۆڵێتەوە، کە لە لایەن سێلینا ئێر (Célina Ear) ئەمجامدراوە. توێژەر دەپرژێتە سەر پەروەردە وەک میکانیزمێکی بنیاتنانی نەتەوە، کە دەوڵەت بۆ پەرەپێدانی ناسنامەیەکی دیاریکراو و یەکگرتوو بەکاریدێنێت. توێژینەوەکە دوو گۆڕاو لەخۆدەگرێت؛ ساڵانی خوێندن وەک گۆڕاوی سەربەخۆ و ناسنامەی نەتەوەیی وەک گۆڕوای ناسەربەخۆ، واتە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ساڵانی خوێندن کاریگەری لە سەر بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی دادەنێن. توێژەر گریمانەی ئەوەی خستۆتەروو ،کە بەرکەوتنی زیاتر لەگەڵ پەروەردەی فەرمی وا لە تاک دەکات، کە هەڵوێستێکی ئەرێنی تری بەرامبەر بە نەتەوەکەی هەبێت و بەمەش هەستێکی بەهێزتری ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت، بە واتایەکی دیکە پەروەردە وەک ئامرازێک سەیردەکرێت، کە دەوڵەت بۆ دروستکردنی "کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکردە" بەپێی تێگەیشتنەکەی ئەندەرسۆن بەکاریدەهێنێت. لە رووی دەروونییەوە، تاکەکان ئەو کۆمەڵگەیە وەک بەشێک لە ناسنامەی خۆیان و لە ناخیاندا دەیچەسپێنن. گریمانەکە بەمشێوەیەیە؛ تاکێکی ژاپۆنی بە ساڵانی خوێندنی زیاترەوە، ئەگەری زیاترە خاوەنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێزتر بێت.

لە دەرئەنجامدا گریمانەکە ڕەتدەکرێتەوە، تەمەن وەک پێشبینیکەری بەهێز و ماناداری ئاماری دەرکەوت، واتە مرۆڤە بەتەمەنەکان لە ژاپۆن بە شێوەیەکی زیاتر هەستی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەییان هەیە، توێژەر بەڵگەیەکی مێژوویی قایلکەر دەخاتەڕوو، بەشداربووانی بەتەمەن، لە بەرئەوەی سیستمی پەروەردەی ناسیۆنالیستیی بەر لە جەنگ و سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیان ئەزموونکردووە، کەواتە هەستێکی بەهێزتری ناسنامەی نەتەوەییان هەیە (Ear, C. 2023).

## چوارچێوەی تیۆری

بۆ شەنوکەو کردنی بابەتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە و دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ باسەکە پشت بە چەند تیۆرێک بەستراوە ،کە بریتیین لە تیۆری بەمۆدێرنکردن (Modernisation)، تیۆری بیناخوازی (Constructivism) و تیۆریی ئیتنۆ-سیمبۆلیزم (Ethno-symbolism).

یەکەم؛ بەمۆدێرنکردن یەکێکە لە تیۆرییە گرنگەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، بە تایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە سەردەمی جەنگی ساردا. تیۆرییەکە پێیوایە؛ نەتەوە و ناسیۆنالیزم بەرهەمی پرۆسە مۆدێرنەکانی وەک پیشەسازیبوون، شارنشینی، بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕاگەیاندنی گشتین، واتە نەتەوە وەک سازکراوێک سەیردەکات، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی مۆدێرنیتەوە سەرهەڵدەدات، ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە هۆی دروستبوونی شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە. یەکێک لە لایەنگرانی ئەم تیۆرییە ئێرنست گێڵنەرە، پێیوایە؛ ناسیۆنالیزم بەرهەمی

پیشەسازیبوونە و وەڵامێکە بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی مۆدێرن وەک سیستمێکی خوێندنی ستانداردکراو و هێزی کاری جووڵاو پاڵنەرن بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەگوێرەی گێڵنەر ناسیۆنالیزم ئاسانکاری بۆ یەکگرتوویی و ئاوێزانبوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەکات (Gellner, 1983).

بێنێدیکت ئەندەرسن چەمکی "کۆمەڵگەی خەیاڵکردە" دەخاتەڕوو، پێیوایە، نەتەوە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەزموونە هاوبەشەکان و خەیاڵی بەکۆمەڵەوە دروستدەبێت، کە ئەمەش لە ڕێگەی سەرمایەداریی چاپ و ڕاگەیاندنی گشتییەوە دەکرێت، ئەو ئاماژە بەوە دەکات، کە خەڵک خۆیان وەک بەشێک لە نەتەوەیەک هەستپێدەکەن، سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان نەبووبێت، کە سەرجەم هاونەتەوەکانیان بناسن یاخود ببینن (Anderson, 1983)، هەروەها ئەم تیۆرییە هەوڵدەدات، شیکردنەوە بۆ پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگە لە قۆناغی "کۆمەڵگەی نەریتی" بۆ قۆناغی "کۆمەڵگەی مۆدێرن" یان "پێشکەوتوو" بکات، واتە پێیوایە؛ هەموو کۆمەڵگەکان بە ڕێڕەوێکی وەکیەکی گەشەکردندا لە کۆمەڵگەی سادە و کشتوکاڵییەوە بەرەو کۆمەڵگەی ئاڵۆز، پیشەسازی و پێشکەوتوو تێدەپەڕن (Rostow, 1990). یەکێکیتر لە بیرمەندە دیارەکانی ئەم تیۆرییە "واڵت ڕۆستۆ"یە، کە پێنج قۆناغی بۆ گەشەی ئابووریی کۆمەڵگە دیاریکردووە؛ کۆمەڵگەی نەریتی، ئامادەکاری بۆ هەستانەوە، هەستانەوە، بەرەوپێشچوون یاخود بەرەو کامڵبوون و سەردەمی بەکاربردنی بەرفراوان (خەلیل، ٢٠٢٤).

ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە لە تیۆریی بەمۆدێرنکردن زیاتر "ڕۆژئاوا سەنتەر"ە، واتە پێیوایە؛ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا و ئەورووپا نموونەی کۆمەڵگەی مۆدێرنن و دەبێت وڵاتانی دیکە شوێنپێی ئەوان بۆ گەیشتن بە مۆدێرنیتە هەڵبگرن، بەو واتایەی تایبەتمەندییە نێوخۆیی و مێژووییەکانی کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکانی لەبەرچاونەگرتووە، وێڕای سنووردارێتی ئەم تیۆرییە دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە شیکردنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان لە عێراق بکەین، کە وەک قەوارەیەکی خاوەن تایبەتمەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و مێژوویی تایبەت بە خۆیەتی. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین گۆڕانکاری لە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا ڕوویانداوە. دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت بووەتە بزوێنەرێکی سەرەکی ئابووری، کە ئەمەش هۆکاری گەشەی خێرای شارەکان و دروستبوونی ژێرخانێکی نوێیە؛ لەجۆری ڕێگاوبان، فڕۆکەخانە، باڵەخانەی بازرگانی (Anderson and Stansfield, 2003)، ئەمەش تا ڕادەیەک لەگەڵ قۆناغی "ئامادەکاری بۆ هەستانەوە"ی ڕۆستۆدا دێتەوە، کە سەرمایەگوزاری لە ژێرخان زیاددەکات، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی شار واتە شارنشینی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک هەولێر، سلێمانی و دهۆک، کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان و گۆڕینی شێوازی ژیانی زۆرێک لە تاکەکان (Leezenberg, 2007). لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنی کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، کردنەوەی چەندین زانکۆ و پەیمانگای ئەهلی و حکومی و زیادبوونی ڕێژەی خوێندەواری (Natali, 2005) نیشانەیەکی دیکەی بەمۆدێرنکردنە، وەک ئەوەی لێرنەر باسی ڕۆڵی میدیا و خوێندەواری لە گۆڕینی کۆمەڵگەی نەریتیدا دەکات (Lerner, 1958).

سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە، ڕەنگە پرۆسەی بەمۆدێرنکردن لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاری ببێتەوە، بۆ نموونە هێشتا پەیوەندییە خێڵەکی و حیزبییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر بواری سیاسەت و ئابووری هەیە، ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی بەمۆدێرنکردن وەک عەقڵانییەت، شایستەسالاری و تاکگەرایی نایەتەوە، هەروەها سیاسەتی ئابوریی هەرێمی کوردستان زیاتر پشتی بە یەک سەرچاوەی داهات بەستووە، کە ئەویش بواری نەوتە، ئەمەش وایکردووە، ئابووری هەرێم ناسەقامگیر بێت و کەمتر پەرە بە کەرتەکانی دیکەی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار بدرێت، ئەمە جیاوازە لەو گەشە ئابوورییە هاوسەنگەی، کە تیۆری بەمۆدێرنکردن باسیدەکات. گیدنز پێیوایە، لە ڕوانگەی بەمۆدێرنکردنەوە دەوڵەت-نەتەوە مۆدێلێکی جیهانی مۆدێرنە (Giddens, 1990)، لە کاتێکدا کورد هێشتا لە هەوڵی بنیادنانی نەتەوە و گەیشتن بە چارەی خۆنووسیندایە.

دووەم؛ تیۆریی بیناخوازی

تیۆریی بیناخوازی (Constructivism) پێیوایە نەتەوە دیاردەیەکی ئەزەلی و سروشتی نییە، بەڵکو داهێنراوە و بنیاتنراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. بە پێچەوانەی بنەچەخوازەکان، کە نەتەوە بە کۆن و سروشتی دادەنێن و تیۆریی بەمۆدێرنکردن، کە نەتەوە بە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکانەوە دەبەستێتەوە، بیناخوازی جەخت لەسەر ڕۆڵی پرۆسە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان لە بنیاتنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەکاتەوە، نەتەوە دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی باوەڕ و هێما هاوبەشەکانەوە دروستدەبێت، کە بەردەوام لە لایەن تاکەکانەوە بەرهەمدێن.

بیرمەندانی وەک ئێرنست گێڵنەر، بێنێدیکت ئەندەرسۆن و ئێریک هۆبسباوم لە دیارترین بانگەشەکارانی ئەم تیۆرییەن، هەرچەندە کارەکانی گێڵنەر پەیوەستن بە تیۆریی بەمۆدێرنکردنەوە، بەڵام دەچنە چوارچێوەی بیناخوازییشەوە، کە پێیوایە؛ ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە دروستدەکات، نەک بە پێچەوانەوە، ئەو ناسیۆنالیزم بە پێداویستییەکی سەردەمی مۆدێرن و پیشەسازی دەزانێت، کە تیایدا پێویستی بە هێزێکی کارامەی خوێندەوار و یەک کلتووری هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئابووری هەیە. بە بڕوای ئەو، سیستمی پەروەردەی گشتی و زمانی ستاندارد ڕۆڵێکی بەکلاکەرەوە لە دروستکردنی ئەم یەکێتیی کولتوورییەدا دەبینن (Gellner, 1983)، لە لایەکیتر ئەندرسۆن بوونی نەتەوە بە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکردە دەزانێت، مەبەست لە "خەیاڵکردە" نەبوونی نییە، بەڵکو ئەندامانی نەتەوەیەک ڕەنگە هەرگیز هەموویان یەکتر نەناسن و یەکتر نەبینن، بەڵام بەیەکەوە وێنەیەکی هاوبەشی یەکێتی و پێکەوەبوونی نەتەوەیی دروستدەکەن (Anderson, 1983).

هۆبسباومیش ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆرێک لەو نەریتانەی وا دەردەکەون، کۆن و دێرینن، لە ڕاستیدا لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا و بۆ مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تایبەت داهێنراون، یان زیندووکراونەتەوە، ئەم نەریتە داهێنراوانە لە دروستکردنی هەستی ناسنامەی هاوبەش و یەکپارچەیی نەتەوەیی یارمەتیدەرن (Hobsbawm, 1990). لایەنگرانی هەریەکە لە تیۆری بەمۆدێرنکردن و بیناخوازی ناسیۆنالیزم پێش نەتەوە دەخەن و بە هۆکاری سەرەتایی بنیاتنانی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی دەزانن (وەلی، ٢٠٢٢)، واتە نەتەوە سازدەکرێت نەک هاوشێوەی دیاردە سروشتییەکان دۆزرابێتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا قوتابخانە و زانکۆکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی ناسنامە و بەشداریکردن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا دەگێڕن (Natali, 2005; Stansfield, 2013)، ئەم دامەزراوانە پرۆگرامی وا پێشکەشدەکەن، کە جەخت لەسەر مێژوو، زمان و کولتووری کوردی دەکەنەوە، ئەمانەش ڕێگەخۆشکەرن، تا هۆشیاریی نەتەوەیی بەهێز ببێت و هەستێکی بەهێزی ژێبەندی و شانازیی نەتەوەیی لە لایەن فێرخوازانەوە سەرهەڵبدات (Natali, 2010)، هەروەها لە چوارچێوەی بەرنامەکانی خوێندندا گرنگی بە گێڕانەوەی مێژوویی بەتایبەت ڕووداوەکانی وەک جینۆسادی خەڵکی کوردستان دەدرێت،  کە لە کۆژان و کۆیادەوەری نەتەوەییدا بەشێکی گرنگن. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیش لە قوتابخانە و زانکۆکاندا  ڕێوڕەسم و لایەنە کولتوورییەکانی وەک جەژنی نەورۆز، ئاڵای کوردستان، سروودی نیشتمانی و جلوبەرگی نەتەوەیی زیندووەکرێنەوە، بێجگە لەوەی، کە لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت لە هەرێم زمانی فەرمی نووسین و خوێندن کوردی بووە، ئەمانە هەموویان بەسەریەکەوە بۆ چەسپاندنی وێنەی نەتەوە لە زەینی تاک و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکردە فاکتەری گرنگن. هەندێک لە لایەنگرانی تیۆریی بیناخوازی، ڕەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ هەندێک ڕووداو و قۆناغی مێژوویی دەگەڕێننەوە؛ لەوانەش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨)، بڵاوبوونەوەی دیوانی شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی  (بروئینسن، ١٣٨٩). کەواتە ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێن، کە بنەچە مێژووییەکەی لە قۆناغی مۆدێرندایە (عەلی، ٢٠١٣؛ وەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو).

سێیەم؛ تیۆریی ئیتنۆ-سیمبۆلیزم یەکێکە لە دیدگا گرنگەکان بۆ شیکردنەوەی دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ئەم تیۆرییەیە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەنتۆنی سمیس پەرەپێدراوە، هەوڵدەدات، پردێک لە نێوان بنەچەخوازەکان و مۆدێرنیستەکان بۆ نەتەوە دروستبکات، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بنەچەخوازەکان پێیانوایە نەتەوە ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، لە کاتێکدا مۆدێرنیستەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە نەتەوە دیاردەیەکی نوێیە و بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەیە. ئێتنۆ-سیمبۆلیزم دان بەوەدا دەنێت؛ نەتەوە لە سەردەمی مۆدێرنەدا شێوەی سیاسی وەردەگرێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە نەتەوەکان لەسەر بنەمای پێکهاتەی نەژادی یاخود گرووپێکی نەژادی کۆن و میراتە کولتوورییەکانیان بنیاتدەنرێن (Smith, 2009)، هەروەها ئیتنۆ-سیمبۆلیزم جەخت لەسەر ڕۆڵی ئەفسانە، بیرەوەری، هێما، بەها، و نەریتە هاوبەشەکان لە پێکهێنان و بەردەوامیی شوناسی نەتەوەییدا دەکاتەوە. سمیس پێیوایە پێش نەتەوە مۆدێرنەکان گرووپی نەژادی هەبوون، کە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک ناوی هاوبەش، ئەفسانەی ڕەچەڵەکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش بوون و پەیوەندییان بە خاکێکی دیاریکراوەوە هەبووە و هەستیان بە ڕەچەڵەکی هاوپشتی کردووە ، Smith, 1991) ئەم توخمانە وەک ماددەی خاو بۆ دروستبوونی نەتەوە مۆدێرنەکان کاردەکەن؛ بۆیە ئاماژە بەوە دەکات، کە نەتەوەکان لە بۆشاییدا دروستنابن، بەڵکو پەیوەندییەکی زیندوویان لەگەڵ ڕابردووی خۆیاندا هەیە، ئەم ڕابردووەش لە ڕێگەی ئەفسانە، یادەوەری مێژوویی و سیمبوڵەکانەوە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە (Smith, 2009)، لەمبارەیەوە سەرنجی زۆرێک لە توێژەران و لێکۆڵەرانی کوردی بۆ لای ئیتنۆ-سیمبۆلیزم چووە، بە ئاماژەدان بە داستانی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی لە کۆتایی سەدەی حەفتەمدا، بەشێکیان گێڕانەوەکانی ئەحمەدی خانی وەک بوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی پێشوەختە هەژماردەکەن (Hassanpour, 1992)  و (بروئینسن، ١٣٨٩)، کە پێش ناسیۆنالیزمی ئەورووپی کەوتووە.

هێما (سیمبوڵە) نەتەوەییەکان (وەک ئاڵا، سروودی نیشتمانی، جەژنەکان، پاڵەوانە ئەفسانەیی و مێژووییەکان) و یادەوری هاوبەش "کۆیادەوەری" ڕۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی هەستی ژێبەندی و یەکرێزیی نەتەوەیی دەگێڕن و لە پێناسەکردنی شوناسی گشتی یارمەتیدەرن. لەم ڕووەوە سمیس ڕەخنە لە مۆدێرنێستەکان دەگرێت، کە گرنگییەکی بەرچاو بە ڕۆڵی کۆیادەوەری نادەن، پێیوایە، کە یادەوەرییە هاوبەشەکان بۆ بەستنەوەی تاک بە خاک و جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە فاکتەری بەهێزن، ئەم خاکە دەبێتە شوێنێکی پیرۆز و پڕ لە یادەوەری، کە هەستی خاوەندارێتی و سەربەنەتەوەبوون لای تاکەکان بەهێزدەکات، دواجار ئەم خاکە دەبێتە نیشتیمانێکی دیاریکراو، کە میراتی باووباپیرانە. واتە نەوەی ئێستا بە نەوەکانی ڕابردوو و داهاتووەوە گرێدەدرێت و تاک هەستدەکات، کە بەشێکە لە زنجیرەیەکی مێژوویی و خاوەن میراتێکی هاوبەش، پێویستە بیپارێزێت و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بگوازێتەوە .

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕەنگە تیۆریی و ڕوانگەی تریش هەبن بۆ خوێندنەوەی دۆخی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵام پرژانە سەر هەموویان لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا کارێکی وا ئاسان نیە. ئەو تیۆرییانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەیانپێدراوە لە هەرە سەرەکیترینیانن بۆ بەدەستەوەدانی چوارچێوەیەکی پوخت و گشتگیر و شەنوکەوکردنی دۆخی نەتەوەی کورد.

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندایەتی بەکارهاتووە و پشت بە داتای ژمارەیی و شیکاریی ئاماری بەستراوە، بێگومان ئەمەش وادەکات، زانیارییەکان لە ئاستێکی بەرزی متمانەپێکردن دابن، چونکە لەسەر بنەمای بەڵگەی پێوانەکراو دۆزراونەتەوە، کە کەمتر لایەنگری توێژەرانیان

بەسەرەوەیە (Bryman & Cramer, 2012). کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم گەنجانی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکە؛ نموونەی هەڕەمەکیی چینبەندی بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە بەشداریپێکردنی ئەو هاووڵاتیانەیە، کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٣٠ ساڵیدایە و پێویستە بە لایەنی کەمەوە بەشداری خوێندنی سەرەتاییان کردبێت. قەبارەی نموونەکە ٤٠٦ کەس بووە، کە بۆ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ٣٨٤ کەس گونجاوە، نموونەکە لە سەر بنەمای زۆنی جیاواز لە ڕێگەی ژمارەی موبایلی کۆرەک، ئاسیا و زین، کە لەنێو داتابەیسێکی گەورە هەڵبژێردراون، وەرگیراوە، نموونەی هەڕەمەکی چینبەندی تەکنیکێکی نموونە وەرگرتنی ئەگەرییە، کە دانیشتوان دابەشی چەند گروپ یاخود دەستەیەک دەکات، تا نوێنەرایەتی ئەو تایبەتمەندییانەی توێژینەوە ئامانجیەتی مسۆگەربکات، بەشداربووان لە نێو هەر چینێکدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێردرێن، کە مەترسی لایەنگیری کەمدەکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گشتاندنی ئەنجامەکان (Cochran, 1977).

لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری پرسیانەمەیەک ئامادەکراوە، کە پێکهاتووە لە سێ بەش. بەشی یەکەم پرسیارە گشتییەکان (تایبەتمەندی دیمۆگرافی) لەخۆدەگرێت. بەشی دووەم لە ١٢ برگە پێکهاتووە، کە وەک پێوەری ژێبەندی نەتەوەیی بەکارهاتووە. بەشی سێیەمیش ١١ برگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەهەندی پەروەردە سوودی لێوەرگیراوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئامرازە ئامارییەکان، کە پرۆسەی شیکاری بەهۆیانەوە ئەنجامدراوە، بریتیین لە هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن (Pearson Correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوە جێگیری بە ڕێگەی پێوانەکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان بوارەکانی ژێبەندی نەتەوەیی و ڕەهەندی پەروەردە. ئەلفاکرۆنباخ (Cronbach's Alpha) بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی. یاسای تی تێست یەک نموونە (One-Sample T. Test) بۆ زانینی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بەپێی بواری پەروەردە. هەروەها شیکاری (Regression) بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ و ژێبەندی نەتەوەیی.

لە دەرهێنانی پەیوەندیی برگەکانی تەوەری پەروەردە بە پێوەری گشتی دەردەکەوێت، کە بەهای دەرهێنراو لە نێوان (٠،٣٨٤) بۆ (٠،٧٣٧) دایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی ئەرێنی لە مامناوەندی بۆ بەهێز، کەواتە هەر ١١ برگەکەی پێوەری پەروەردە ئاماژەی ئامارییان هەیە.

جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکی یەکێکە لە میتۆدەکانی دەرهێنانی ڕادەی جێگیری، شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە جێگیری بە ڕێگەی یەکگرتوویی ناوەکیدا پێویستە گشت برگەکانی پێوەر یاخود پرسیارنامە پێوانەی گۆڕاوە دیاریکراوەکە بکەن ( Tavakol & Dennick, 2011). توێژەر بە پشتبەستن بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ جێگیری بۆ پێوانەکان دیاریکرد، ئەلفا کرۆنباخ پێوانەیەکە بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگەی ناوەکی بەکاردێت، کە پێویستە بەهاکەی لە نێوان (0 بۆ 1) دابێت. یاساکە پەیوەندیی یەکگرتووی نێوان برگەکان لە نێوخۆیاندا دەدۆزێتەوە و ئەوە دەستنیشاندەکات، کە ئایا سەرجەم برگەکان پێوانەی هەمان بابەت دەکەن یاخود نەخێر، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەهای بەدەستهاتوو لە (0.7) کەمتر نەبێت (Cronbach, 1951 & Forero, 2014)، بەهای ئەلفا کرۆنباخی بەدەستهاتوو بۆ بواری ژێبەندی نەتەوەیی، کە لە ١٢ برگە پێکهاتووە، بریتییە لە (٠،٧٦٩) بۆ ٤٠٦ بەشداربوو. سەبارەت بە بواری پەروەردە کە لە ١١ برگە پێکهاتووە، بەهای ئەلفا کرۆنباخی بەدەستهاتوو بریتییە لە (٠،٧٥٣)، کە ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠،٧)، کەواتە ئەنجامەکە پەسەنددەکرێت و ئەوە دەردەکەوێت، کە بوارەکە لە ڕووی یەکگرتوویی ناوەکی جێگیرە.

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

خشتەی ژمارە (١) زانیاریی دیمۆگرافیی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو، کە لە (٤٠٦) بەشداربوو پێکهاتووە، شیکاریی خشتەکە لە تێگەیشتنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نموونەکە یارمەتیماندەدات و دەکرێت ئاماژە بێت بە هەندێک دیاردە و ڕەوتی گشتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. شیکارییەکە لەسەر بنەمای گۆڕاوەکانی وەک؛ ڕەگەز، تەمەن، باری ئابووری، پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، ئاستی خوێندەواری، جۆری زانکۆ و زمانی خوێندن ئەنجامدەدرێت.

### ڕەگەز

زانیارییەکان نیشانیدەدەن، کە ڕێژەی نێر (٦٢،٦%) ٢٥٤ کەسە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی مێ، کە (٣٧،٤%) ١٥٢ کەسن، زیاترە، ئەم جیاوازییە ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لە هەندێک حاڵەتدا ژنان لە بەشداریکردن لە توێژینەوەدا خۆپارێزترن، بەتایبەت ئەگەر پرسیارەکان پەیوەندییان بە زانیاریی کەسییەوە هەبێت. جیاوازیی بەرچاوی نێوان ڕێژەی ژن و پیاو لە نموونەکەدا، پرسیار لەسەر ئاستی بەشداریی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا دروستدەکات.

تەمەن

زۆرینەی بەشداربووان دەکەونە پۆلێنی تەمەنی ١٩ بۆ ٢٤ ساڵ (٣٤،٢%) ١٣٩ کەس و ٢٥ بۆ ٣٠ ساڵ (٥٦،٩%) ٢٣١ کە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نموونەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە توێژی گەنجانی پێگەیشتوو پێکهاتووە، گەنجان بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانن، بێجگە لەوە ئەم تەمەنە قۆناغی گواستنەوەیە لە خوێندنەوە بۆ کار و لە سەربەخۆیی ئابوورییەوە بۆ پێکهێنانی خێزان، بۆیە بۆچوون و هەڵسوکەوتیان دەرخەری ئالینگاری و هیوای نەوەی نوێیە.

### باری ئابووری

زۆربەی بەشداربووان باری ئابووریی خۆیان بە مامناوەند (٥٢،٢%)، ٢١٢کەس و باش (٣٤،٥%)، ١٤٠ کەس، هەڵسەنگاندووە، ڕێژەی ئەوانەی لە چینە زۆر هەژار و زۆر دەوڵەمەندەکانن، کەمە.

ئەمە لەوانەیە ئاماژە بێت بە فراوانبوونی چینی ناوەند لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، کە بەهۆی بووژانەوەی ئابووری و دامەزراندن لە کەرتی گشتییەوە روویدا. چینی ناوەند رۆڵێکی گرنگی لەسەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. بپێویستە ئەوەش فەرامۆشنەکەین، کە ئەمە هەڵسەنگاندنی خودییە، زۆرجار تاکەکان مەیلیان هەیە، کە خۆیان لە چینی ناوەند ببیننەوە وەک نیشانەیەک بۆ ئاساییبوون و خۆبەدوورگرتن لە پۆلێنکردنی زۆر خراپ یان زۆر باش.

**پیشە**

ڕێژەی هەرە بەرزی بەشداربووان قوتابی (٣٣,٣%) و کاسب (٢٨,١%)ن. هەروەها ڕێژەی بێکار (١١,٦%) جێگەی سەرنجە. ڕێژەی بەرزی قوتابی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە نموونەکە گەنجە و لە قۆناغی خوێندندایە، ئەمەش بایەخی خوێندنی وەک میکانیزمێک بۆ جووڵەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا نیشاندەدات. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی بێکاری (١١,٦%) لەگەڵ ڕێژەی بەرزی کاسب، کە بە زۆری کاری نافەرمی دەگرێتەوە، ئاماژەیە بۆ یەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەویش بێکاریی گەنجانە، بە تایبەت لەنێو دەرچووانی زانکۆ.

ڕێژەی کەمی کارمەندان لە کەرتی تایبەت (٤,٢%) بە بەراورد بە پیشەکانی تر ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هێشتا کەرتی گشتی و کاری ئازاد، واتە کاسبی باڵادەستن و کەرتی تایبەت نەیتوانیوە ببێتە بزوێنەری سەرەکیی ئابووری.

**شوێنی نیشتەجێبون**

لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنی نیشتەجێبوونی بەشداربووان سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بەڵام دابەشبوونی سەرەکی لەسەر دوو پارێزگا گەورەکەدا بووە، هەولێر ( ٢٦,٦٪)، ١٠٨ کەس و سلێمانی (٢٤,١٪) واتە ٩٨ کەس. ئەم دوو پارێزگایە زیاتر لە نیوەی بەشداربووانیان لەخۆگرتووە. پارێزگای دهۆک ڕێژەی ( ١٠,٦)٪ی پێکدێنێت و ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگای هەڵبجە ڕێژەی کەمتریان هەبوو، لە نێوان ٣,٧٪ (هەڵەبجە) بۆ ٩,٩٪ (ئیدارەی ڕاپەڕین)، ئەم دابەشبوونە جوگرافییە فراوانە خاڵێکی بەهێزە، زاڵبوونی هەولێر و سلێمانیش ڕەنگدانەوەی قەبارەی دانیشتووانی ئەو ناوچانەیە.

**ئاستی خوێندەواری**

زۆرترین ڕێژە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس (٣٥,٥%) ١٤٤ کەسن، دوای ئەویش ئامادەیی (٢١,٤%)کە ٨٧ کەسن.  ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە نموونەکە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە، ئەم ڕێژە بەرزەی هەڵگرانی بەکالۆریۆس ڕەنگدانەوەی دیاردەی فراوانبوونی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئاسانبوونی دەرفەتی خوێندنە. کاتێک ئەمە لەگەڵ زانیارییەکانی پیشە، ڕێژەی بەرزی بێکار و کاسب بەراوردەکەین، بەمەش پارادۆکسێک دروستدەبێت. لە کاتێکدا ئاستی خوێندەواری بەرز بوەتەوە، بەڵام سیستەمی ئابوری و بازاڕی کار نەیتوانیوە هەلیکاری گونجاو بۆ ئەم ژمارە زۆرەی دەرچووان دابینبکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی بێکاریی خوێندەواران، کە ڕەنگە سەرچاوەی نیگەرانیی کۆمەڵایەتی بێت.

**جۆری زانکۆ و زمانی خوێندن**

زۆرینەی بەشداربووان لە زانکۆی حکومی (٦٠,٦%) خوێندوویانە و زمانی خوێندنیان کوردی (٩٣,٣%) بووە، زاڵبوونی زانکۆ حکومییەکان نیشانەی متمانەی کۆمەڵگە و کاریگەریی مێژوویی ئەم دامەزراوانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی ڕێژەی (٦,٩%) لە زانکۆ ئەهلییەکان  ئاماژەیە بە گەشەسەندنی دیاردەی بەتایبەتیکردن (بە ئەهلی کردن)ی خوێندن. باڵادەستیی زمانی کوردی لە خوێندندا یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی حوکمڕانیی کوردی، زمان لێرەدا تەنها ئامرازی فێربوون نییە، بەڵکو ئامرازی بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوورییە،  ئەمە جیاوازی بنەڕەتیە لەگەڵ سیستەمی خوێندنی سەردەمی ڕژێمی پێشوو، کە زمانی عەرەبی تیایدا باڵادەست بوو.

کەواتە خشتەی (١) وێنەیەکی ورد و هەمەلایەنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. دەتوانین بڵێین بەشداربووی نموونەیی لەم توێژینەوەیەدا پیاوێکی گەنجە (١٩-٣٠ ساڵ)، باری ئابوری مامناوەند یان باشە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە قوتابییە یان کاسبکارە، لە یەکێک لە شارە گەورەکانی هەرێم (هەولێر یان سلێمانی) نیشتەجێیە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانکۆیەکی حکومی و خوێندنی بە زمانی کوردی تەواو کردووە، یان دەخوێنێت، هەرچەندە ئەم وێنەیە گشتییە، بەڵام هەمەجۆرییەکی بەرچاو لە هەموو گۆڕاوەکاندا بوونی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە دیمۆگرافیانە بنەمایەکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کەسیی بەشداربووان و لێکدانەوەی ئەنجامەکانی تری توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

**خشتەی ژمارە (١) وەسفی ئاماری تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە**

| گۆڕاو | پولینەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 254 | 62.6 |
| | مێ | 152 | 37.4 |
| تەمەن | 15–18 | 36 | 8.9 |

| گۆڕاو | پۆلینەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | 19–24 | 139 | 34.2 |
| | 25–30 | 231 | 56.9 |
| باری ئابوری | زۆر باش | 17 | 4.2 |
| | باش | 140 | 34.5 |
| | مام ناوەند | 212 | 52.2 |
| | خراپ | 24 | 5.9 |
| | زۆر خراپ | 13 | 3.2 |
| پیشە | قوتابی | 135 | 33.3 |
| | فەرمانبەری مەدەنی | 33 | 8.1 |
| | فەرمانبەر لە هێزە ئەمنییەکان | 11 | 2.7 |
| | پێشمەرگە | 12 | 3.0 |
| | ماموستا | 8 | 2.0 |
| | کاسب | 114 | 28.1 |
| | بازرگان | 4 | 1.0 |
| | بێکار | 47 | 11.6 |
| | ژنی ماڵەوە | 25 | 6.2 |
| | کەرتی تایبەت | 17 | 4.2 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | هەولێر | 108 | 26.6 |
| | سلێمانی | 98 | 24.1 |
| | دهۆک | 43 | 10.6 |
| | هەڵبجە | 15 | 3.7 |
| | ئیدارەی سۆران | 34 | 8.4 |
| | ئیدارەی زاخۆ | 32 | 7.9 |
| | ئیدارەی گەرمیان | 36 | 8.9 |
| | ئیدارەی ڕاپەڕین | 40 | 9.9 |
| ئاستی خوێندەواری | سەرەتایی | 47 | 11.6 |
| | ناوەندی | 55 | 13.5 |
| | ئامادەیی | 87 | 21.4 |

| گۆڕاو | پۆلینەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | ئامادەیی پیشەیی | 4 | 1.0 |
| | دبلۆم | 47 | 11.6 |
| | دبلۆمی پیشەیی | 16 | 3.9 |
| | بەکالۆریۆس | 144 | 35.5 |
| | ماستەر | 6 | 1.5 |
| جۆری زانکۆ | حکومی | 246 | 60.6 |
| | ئەهلی | 28 | 6.9 |
| | حکومی و ئەهلی | 1 | 0.2 |
| | هێشتا نەچومەتە زانکۆ | 131 | 32.3 |
| زمانی خوێندن | کوردی | 379 | 93.3 |
| | عەرەبی | 2 | 0.5 |
| | ئینگلیزی | 5 | 1.2 |
| | کوردی وعەرەبی | 8 | 2.0 |
| | کوردی و ئینگلیزی | 11 | 2.7 |
| | کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی | 1 | 0.2 |

**شیکاریی وەسفی وەڵامی بەشداربووان بۆ برگەکانی ژێبەندی نەتەوەیی**

بۆ پێوانەکردنی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی و پەیوەستبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی پشت بە چەندین ڕەهەندی جیاوازی وەک بەشداریکردن لە بۆنە نەتەوەییەکان، هەستی هاوچارەنووسی، ئامادەباشی بەرگریکردن لە نیشتیمان و شانازیکردن بە ناسنامەوە و پەیوەستبوون بە هێما نیشتیمانییەکان بەستراوە.

دەرەنجامە گشتییەکان لەناو زۆرینەی بەشداربوواندا ئاماژە بە ئاستێکی بەرزی ژێبەندی نەتەوەیی دەکەن، بۆ نموونە، لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ڕێژەیەکی بەرچاو (٣١١ کەس، ٧٦,٦٪) بە "بەڵێ " وەڵامیانداوەتەوە، کە ساڵانە بەشداری لە یادکردنەوەی بۆنە مێژوویی و نەتەوەییەکاندا دەکەن، لە کاتێکدا تەنها ٣,٢٪ وتوویانە "نەخێر". سەبارەت بە بەشداری لە یادکردنەوەی کارەساتەکاندا (پرسیاری ٢)، هەرچەندە ڕێژەی وەڵامی "نەخێر " بە بەراورد لە گەڵ وەڵامی نازانم و هەندێکجار بەرزە، کە بریتییە لە (٢٣,٦٪)، بەڵام زۆرینە (٢٧٢ کەس، ٦٧,٠٪) وەڵامیان "بەڵێ "بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئامادەیی وەڵامدەرەوەکان بۆ بەشداریکردن لە یادەوەرییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکاندا، چ خۆش و چ ناخۆش بێت.

هەستی هاوچارەنووسی و پەیوەستبوونی سۆزداری بە گەل و نیشتیمانەوە زۆر بە ڕوونی لە وەڵامەکاندا دەرکەوتووە، لە وەڵامی پرسیاری سێیەمدا ("لە یادکردنەوەی تاوانەکاندا هەست بە ئازار دەکەم")، نزیکەی ٩٠٪ی بەشداربووان (٣٦٣ کەس، ٨٩,٤٪) وەڵامیان "بەڵێ "بووە، کە نیشاندەری ئاستێکی زۆر بەرزی هاوسۆزیی نەتەوەییە، هەروەها، زۆرینە (٢٥٥ کەس، ٦٢,٨٪) لەسەر ئەوەی نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە (پرسیاری ٤) هاوڕابوون، هەرچەندە ڕێژەی وەڵامی "هەندێکجار" و "نازانم"یش کەم نەبوو (بە کۆی گشتی ٣٣٪). لە لایەکی ترەوە، شانازیکردن بە کوردستانیبوونەوە (پرسیاری ٦) ئاستێکی بەرزی تۆمار کردووە، کە ٢٨٢ کەس (٦٩,٥٪) وەڵامیان "بەڵێ "بووە. هەستی گرێدراوی بە کوردستانەوە (پرسیاری ٧) لای نزیکەی سێ چارەکی بەشداربووان (٣٠٠ کەس، ٧٣,٩٪) بە "بەڵێ "پشتڕاستکراوەتەوە.

پەیوەستبوون بە هێما نیشتیمانییەکانەوە یەکێک بوو لە بەهێزترین ڕەهەندەکانی ژێبەندی نەتەوەیی لەم توێژینەوەیەدا، بۆ نموونە، ئاڵای کوردستان لای ڕێژەیەکی نزیک لە تەواو (٣٧٦ کەس، ٩٢,٦٪) بە هی خۆیان زانراوە (پرسیاری ٩). بە هەمانشێوە سرودی نیشتیمانیی (ئەی ڕەقیب) لای زۆرینەیەکی ڕەها (٣٥٩ کەس، ٨٨,٤٪) بە هی خۆیان دانراوە (پرسیاری ١٠). ئەم دوو ئەنجامە ئاماژە بە کۆدەنگییەکی بەهێز لەسەر قبوڵکردن و خۆشەویستیی هێما سەرەکییەکانی ناسنامەی کوردی دەکەن، هەروەها هەستی ئاسودەیی بە کوردستانیبوون (پرسیاری

١١) و ئاسودەیی بە ژیان لە کوردستاندا (پرسیاری ١٢) ئاستێکی زۆر بەرزیان تۆمار کردووە، بە رێژەی ٩٠,٦٪ و ٨٦,٩٪ وەڵامی "بەڵێ "بەدوای یەکدا تۆمارکراوە.

لەگەڵ ئەم ئاستە بەرزەی ژێبەندی نەتەوەیی هەندێک لە پرسیارەکان جیاوازیی زیاتریان لە بۆچوونەکاندا نیشاندا، بۆ نموونە، لە وەڵامی پرسیاری پێنجەمدا ("هیچ شتێک بۆ من لە سەرووی نیشتیمان و خاکەوە نییە")، هەرچەندە رێژەی وەڵامی "بەڵێ "بەرزترین بووە ، بە رێژەی (١٥٨ کەس، ٣٨,٩٪)، بەڵام رێژەیەکی زۆر نزیک (١٥٠ کەس، ٣٦,٩٪) وەڵامیان "نەخێر "بووە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لای بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووان بەهای دیکەی، وەک ئایین، خێزان، یان پرینسیپە مرۆییەکان، لە ئاستی نیشتیمان سەرووترە، هەروەها سەبارەت بە ئامادەیی بۆ جەنگان لە پێناو کوردستاندا (پرسیاری ٨)، لە کاتێکدا دوو لەسەر سێی بەشداربووان (٢٦٨ کەس، ٦٦,٠٪) ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە و بە "بەڵێ" وەڵامیان داوەتەوە، رێژەی ١٩,٢٪ بەشداربووان  واتە ٧٨ کەس وەڵامیان "نەخێر "بووە.

بە کورتی، شیکارییەکان دەرخەری ئەوەن، کە بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بە گشتی خاوەنی ئاستێکی بەرزی ژێبەندی نەتەوەیین، ئەمە لە رێگەی بەشداریکردنیان لە بۆنە نەتەوەییەکان، هاوسۆزییان لەگەڵ مێژوو و کارەساتەکانی گەلەکەیان، شانازیکردنیان بە ناسنامەی کوردی، پەیوەستبوونیان بە هێما نیشتیمانییەکان (ئاڵا و سرود) و هەستی ئاسودەیی بە بوون و ژیان لە کوردستاندا دەردەکەوێت، بێگومان ئەمەش هاوتەریبە لە گەڵ تیۆریی و تێزە بەناو بانگەکانی کۆمەڵێک زانایانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان کە لە ئاست پرسی نەتەوە و ناسیۆنالیزم پێشکەشیانکردوە، بۆ نموونە، بابەتی هاوبەندی و نەزمی کۆمەڵایەتی لای ئێمەیل دۆرکهایم بە توندی بە بەشداریکرنی ئەندامانی کۆمەڵگە لە رێورەسم  و بەشدارییە بەکۆمەڵەکان بەستراوەتەوە و پێیوایە جەژنی نەتەوەیی، ئاڵا و سروودەکان وەک رێورەسمی مۆدێرن بۆ بەهێزکردنی ژێبەندی و ناسنامەی بەکۆمەڵ کاردەکەن (Durkheim, É. 1912)، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە تێزی "کۆمەڵگەی خەیاڵکرد"ەی بێندێکت ئەندرسۆن بکەین، کاتێک زۆرینەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی بەردەوام بەشداری لە یادکردنەوەی بۆنە مێژووی و نەتەوەییەکان و رووداو و کارەساتە ناخۆشەکان دەکەن و هەست بە ئازاری گەلەکەیان دەکەن، ئەوە بەو مانایە دێت، کە ڕاستە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی دەرفەتی ئەوەیان نییە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن و سەرجەمیان یەکتر بناسن، بەڵام لە رێگەی کۆژانەوە و بەشێوەی خەیاڵکرد هەست بە بوونی کۆمەڵگەکەیان دەکەن. ئەندرسۆن لە چوارچێوەی تێزەکەیدا باس لەوەدەکات، کە نەتەوە بوونێکی خەیاڵکراوە لە زەینی تاکەکاندا وێنادەکرێت، ناسنامە ئەگەر بە شێوەی مادیش دەرنەکەوێت، بەرهەمی پراکتیزەکردنی کولتووری و گێڕانەوەی مێژووییە، کە بە شێوەی دەستەجەمعی لە  هزری تاکەکان ڕەنگرێژ دەبێت (قادر، ٢٠٢٤).

کاتێک سەیری کۆمەڵگەی کوردی دەکەین، دەبینین، لەبەرئەوەی کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە چەندین قۆناغی مێژوویدا ڕووبەڕووی شاڵاوی لەناوبردن و سیاسەتی پەراوێزخستن و ئینکاریکردن بووەتەوە، لە بەرانبەردا هەستی ناسنامەی بەکۆمەڵی بۆ دروستبووە و بەردەوام هەوڵیداوە، تا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، ئەمە بێجگە لەوەی هێما، رێوڕەسمە ئایینی و کوولتورییە هاوبەشەکان وایانکردووە، هێزی یەکگرتوویی نێوانیان سنوری دەوڵەتانیش تێبپەڕێنێت، بۆ نموونە، نەورۆز، کە وەک ڕەمزی بەرخۆدان و نوێبوونەوە بەڕێوەدەچێت، وەک رێوڕەسمێک کاردەکات، تا سۆلیدارێتی کۆمەڵایەتی لەنێو کوردان بەهێزتردەکات.

## شیکاریی وەسفی  وەڵامی بەشداربوون بۆ بڕگەکانی ڕەهەندی پەروەردەیی

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی رۆڵی سیستمی پەروەردەیە لە داڕشتنی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی لای گەنجانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدراوە لە رێگەی ١١ بڕگەی جیاوازەوە هەڵسەنگاندنی تێڕوانینی بەشداربووان (N=406)  بۆ رۆڵی سیستەمی پەروەردە لە داڕشتنی لایەنە جیاوازەکانی ژێبەندی نەتەوەیی، وەرگرتنی زانیاریی مێژوویی و کولتووری و پەرەپێدانی هەستی نیشتیمانپەروەری بکرێت، ئامانج تێگەیشتنە لەوەی، تا چەند سیستەمی پەروەردەیی وەک سەرچاوەی زانیاری و هاندەرێکی ژێبەندی نەتەوەیی لای بەشداربووان هەژماردەکرێت.

دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سیستەمی پەروەردە رۆڵێکی بەرچاوی لە ئاشناکردنی بەشداربووان بە مێژوو و بۆنە نیشتیمانییەکان و تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردستان گێڕاوە، بۆ نموونە، زۆرینە (٤٩,٥٪ بەتەواوی هاوڕام و ١٢,٨٪ هاوڕام، کە بەیەکەوە دەکاتە ٦٢,٣٪ بەوە هاوڕان، کە  زانیارییان لەسەر مێژوو و بۆنەکان لە رێگەی قوتابخانەوە وەرگرتووە (پرسیاری ١)، هەرچەندە رێژەیەکی بەرچاویش (٢٨,٦٪) بێلایەن بوون، ئەم رێژەیە کەمێک بەرزتر دەبێتەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر تاوانەکانی دژ بە گەلی کوردستان، کە ٦٥,٦٪ (٤٢,٤٪ بەتەواوی هاوڕام + ٢٣,٢٪ هاوڕام) هاوڕابوون (پرسیاری ٢)، هەروەها زۆرینەیەکی بەرچاو (٢٩,٦٪ بەتەواوی هاوڕام + ٤٥,١٪ هاوڕام = ٧٤,٧٪) پێیانوایە، لە خوێندندا گرنگی بە بابەتی ژینگەپارێزی کوردستان دراوە (پرسیاری ٣).

پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان وەرگرتنی زانیاریی مێژوویی و کولتووری لە رێگەی خوێندنەوە و هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی بەدیدەکرێت. نزیکەی ٨٨,٤٪ی بەشداربووان (٣٨,٢٪ بەتەواوی هاوڕام + ٥٠,٢٪ هاوڕام) هاوڕان، کە ئاشنابوون بە مێژوو و کولتوور بۆ هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی یارمەتیدەر بوون (پرسیاری ٤)، هەروەها زۆرینەیەکی بەرچاو (٥٤,٤٪ بەتەواوی هاوڕام + ٣٢,٠٪ هاوڕام = ٨٦,٤٪) بە باسکردنی مێژوو و کولتووری نەتەوەکەیان لە پۆلدا دڵخۆش بوون (پرسیاری ٧) و ٨٦,٢٪ (٦٠,٦٪ بەتەواوی هاوڕام + ٢٥,٦٪ هاوڕام) دوای چالاکییە نەتەوەییەکانی ناوەندەکانی خوێندن هەستی شانازییان لا دروستبووە (پرسیاری ١٠). ئەمە نیشانیدەدات، کە ناوەڕۆکی نەتەوەیی لە خوێندندا کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە و بە ئاراستەی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەییە.

ڕۆڵی مامۆستایانیش بە ئەرێنی هەڵسەنگێنراوە، نزیکەی سێ چارەکی بەشداربووان (٢٩,٦٪ بەتەواوی هاوڕام + ٤٥,٣٪ هاوڕام = ٧٤,٩٪) پێیانوایە، مامۆستاکان ڕۆڵێکی باشیان لە هاندان بۆ خۆشەویستیی نیشتیمان هەبووە (پرسیاری ٥)، هەروەها زیاتر لە نیوە (٢٥,٩٪ بەتەواوی هاوڕام + ٤١,٦٪ هاوڕام = ٦٧,٥٪) هاوڕان، کە مامۆستاکان باسی بابەتەکانی یەکێتیی نەتەوەیی و بەها هاوبەشەکانیان کردووە (پرسیاری ٦).

چالاکییەکانی ناوەندەکانی خوێندن تێڕوانینی جیاوازیان لەسەرە، لە کاتێکدا زۆرینەیەکی گەورە (٤١,٤٪ بەتەواوی هاوڕام + ٤٠,٩٪ هاوڕام = ٨٢,٣٪) پشتڕاستیدەکەنەوە، کە ناوەندەکانی خوێندن چالاکییان بۆ بۆنە نەتەوەییەکان ڕێکخستووە (پرسیاری ٨)، کەمتر لە نیوەی بەشداربووان (١٣,٥٪ بەتەواوی هاوڕام + ٣٤,٠٪ هاوڕام = ٤٧,٥٪) لەسەر ئەوە هاوڕان، گەشتی مەیدانی بۆ شوێنە مێژووییەکان کراوە (پرسیاری ٩)، لەم خاڵەدا ڕێژەیەکی بەرچاو (٢٥,٩٪ هیچ هاوڕانیم + ١٦,٣٪ هاوڕانیم = ٤٢,٢٪) هاوڕا نین.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە کاریگەریی گشتیی سیستەمی پەروەردە زۆرینە (٢٦,٨٪ بەتەواوی هاوڕام + ٤٢,٦٪ هاوڕام = ٦٩,٤٪) پێیانوایە، ئەو پەروەردەیەی وەریانگرتووە، بۆ بەهێزبوونی ژێبەندی نەتەوەییان یارمەتیدەر بووە (پرسیاری ١١).

دەرەنجامەکانی ئەم خشتەیە دەریدەخەن، کە سیستەمی پەروەردە بە گشتی لە لایەن بەشداربووانەوە وەک فاکتەرێکی ئەرێنی لە پەرەپێدانی ژێبەندی نەتەوەییدا سەیردەکرێت بە تایبەتی فێرکردنی مێژوو و کولتووریی نەتەوەیی، ڕۆڵی هاندانی مامۆستایان و ڕێکخستنی بۆنە نەتەوەییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بە لایەنە بەهێزەکان دادەنرێن. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێز لە نێوان ناوەڕۆکی خوێندنی نەتەوەیی و هەستکردن بە شانازی و ناسنامەی نەتەوەییەوە بوونی هەیە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو دەرئەنجامانە دەکرێت ئاماژە بە ئەنجامی چەند توێژینەوەیەک بکەین، کە لە بەشی دووەمدا خراونەتەڕوو، بۆ نموونە بەرنامەی خوێندن بە ناوی ئیتۆرێرۆ، کە دوای قۆناغی داگیرکاری لە سیستەمی پەروەدرەی ڕواندا جێگیرکرا و پایەکانی لەسەر بنەمای گرنگیدان بە مێژوو، کولتوور، بەها نەتەوەییەکان بووە، ئەویش بە ئامانجی پەروەردەکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵگە، شانازی نەتەوەیی، سەقامگیری و گەشەکردنە، کە تا ئەندازەیەکی بەرچاو ئامانجەکانی هاتوونەتەدی و ئێستاش بەردەامە (Gierszewska, W. and Sinining, V.C., 2023). ئەنجامی چاکسازییەکانی بەرنامەی خوێندن لە نایجیریا دوای شەڕی ناوخۆ ئەوە دەردەخەن، کە لە ماوەیەکی کەمدا توانرا پەیوەندیی نێوان زیاتر لە ٢٠٠ گرووپی نەژادی پتەوتر کرێت، ئەویش لە ڕێگەی گرنگیدان بە پەروەردەی مەدەنی، مێژووی نیشتیمانی و بە کارهێنانی زمانی هاوبەش، کە هۆکارێک بوونە بۆ یەکڕەنگکردنی کولتووری و یەکێتیی نیشتیمانی (Bray, T.M. and Cooper, G.R., 1979).

لێرەدا ئەگەر لە ڕوانگەی ڕەوتی بیناخوازییەوە لەو پرسە بڕوانین، پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی چالاکانە لە ڕێگەی دامەزراوەکان و کردارە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕۆڵیان لە بونیادنانی ناسنامە هەیە، بۆ نموونە، دامەزراوەکانی پەروەردە بە قوتابخانە و زانکۆکانەوە (Checkel, 1998) وەک سەکۆیەک بۆ پەرەپێدانی مێژوو، زمان و کولتووری نەتەوەیی کاردەکەن (Hopf,2002). لە هەرێمی کوردستاندا قوتابخانە و زانکۆکان ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی ناسنامە و بەشداریکردن لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا دەگێڕن ( Stansfield, 2013) و (Natali, 2005)، ئەم دامەزراوانە پرۆگرامی وا پێشکەشدەکەن، کە جەخت لەسەر مێژوو، زمان و کولتووری کوردی دەکەنەوە، ئەمانەش ڕێگەخۆشکەرن، تا هۆشیاریی نەتەوەیی بەهێز ببێت و هەستێکی بەهێزی ژێبەندی و شانازیی نەتەوەیی لە لایەن فێرخوازانەوە سەرهەڵبدات (Natali, 2010)، هەروەها لە چوارچێوەی بەرنامەکانی خوێندنداگرنگی بە گێڕانەوەی مێژوویی بە تایبەت ڕووداوەکانی وەک جینۆسادکردنی خەڵکی کوردستان دەدرێت، کە بەشێکی گرنگن لە کۆژان و کۆیادەوەری نەتەوەییدا. لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیش لە قوتابخانە و زانکۆکاندا ڕێورەسم و لایەنە کولتوورییەکانی وەک جەژنی نەورۆز، ئاڵای کوردستان، سروودی نیشتمانی و جلوبەرگی نەتەوەیی زیندووەکرێنەوە، بێجگە لەوەی، کە لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و دامەزارندنی پەرلەمان و حکومەت لە هەرێم زمانی فەرمی نووسین و خوێندن کوردی بووە، ئەمانە هەموویان بەسەریەکەوە بۆ چەسپاندنی وێنەی نەتەوە لە زەینی تاک و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکراو فاکتەری گرنگن. هەندێک لە لایەنگرانی تیۆریی بیناخوازی ڕەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ هەندێک ڕووداو و قۆناغی مێژووی دەگەڕێننەوە لەوانەش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) و بڵاوبوونەوەی دیوانی شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی (بروئینسن، ١٣٨٩). کەواتە ناسۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێن، کە بنەچە مێژووییەکەی لە قۆناغی مۆدێرندایە (عەلی، ٢٠١٣) و (وەلی، ٢٠٢٢).

بنێدێکت ئەندرسۆن جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرمایەداری چاپکراو لە پەروەردەکردنی هەستکردن بە ناسنامەی هاوبەش دەکات، بۆ نموونە زمان، کە ئامرازێکی پەیوەندی، وێناکردن و گواستنەوەی خەیاڵی دەستەجەمعییە، کاتێک نووسینی پێئەنجامدەدرێت و لە ڕێگەی چاپخانەکانەوە بەگرووپێکی فراوان لەنێو کۆمەڵگە دەگات، یارمەتی بە ستاندارکردنی زمانی نیشتیمانی دەدات، ئەمەش پرۆسەی پەیوەندیکردن و پەروەردەکردنی ناسنامەی هاوبەش ئاسانتردەکات (Anderson, 1983). لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئاماژەکانی وەڵامدەرەوەکانی ئەم توێژینەوە بێت، بەرنامەی دامەزراوەی پەروەردەییەکان لە بواری ڕێکخستنی گەشتی مەیدانی بۆ شوێنەوارە مێژووییەکاندا کەمتر چالاک بووە، هەرچەندە کاریگەریی گشتی بە ئەرێنی دەبینرێت، بەڵام هێشتا ڕێژەیەک لە بەشداربووان ئەو کاریگەرییە بە ڕادەی پێویست نابینن.

**زانینی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە گوێرەی ڕەهەندی پەروەدەیی**

بۆ زانینی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە گوێرەی ڕەهەندی پەروەدەیی ئەنجامەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بۆ نموونە دەرکەوت، ناوەندی ژمێرەیی (*M*= 42.337) بە لادانی پێوەری (*SD*= 7.068) و (ناوەندی گریمانەیی= 36)، هەروەها نمرەی ئازاد

($df$= 405). ($t$ = 18.066, p= 0.00<0.05)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە، هەروەها بەهای ($p$= 0.00) ئەمەش لە (0.05) بچووکترە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە گوێرەی ڕەهەندی پەروەدەیی بەڵگەداری ئامارییە و ژێبەندی نەتەوەیی لای نموونەی توێژینەوەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی کاریگەریی (Effect Size) دەکاتە (0.896).

**خشتەی ژمارە (٢) پیشاندانی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە گوێرەی ڕەهەندی پەروەدەیی لای نموونەی توێژینەوە**

| | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2-tailed) | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەهەندی پەروەدەیی** | 406 | 42.337 | 36 | 7.068 | 18.066 | 406 | 0.00 | بەڵگەدارە |

## ئاستی پێشبینی ڕەهەندی پەروەردەیی لە سەر ژێبەندی نەتەوەیی لای گەنجان

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتیبوو لە "دەرخستنی کاریگەریی ڕەهەندی پەروەردە لە سەر هەستی ژێبەندی نەتەوەیی گەنجانی کوردستان". بە پشتبەستن بەم ئامانجە گریمانەی توێژینەوەکە بەپێی داڕێژران بریتییە لە: "ڕەهەندی پەروەردە، پەیوەندیی ڕاستەوانەی لە گەڵ بەرزکردنەوەی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی گەنجانی هەرێمی کوردستان هەیە". بۆ تاقیکردنەوەی دروستیی ئەم گریمانەیە ئامرازی ئاماریی (Simple Linear Regression)، کە تیایدا ژێبەندی نەتەوەیی وەک گۆڕاوی پاشکۆ و کۆی گشتیی نمرەی ڕەهەندی پەروەردەیی (کە تێڕوانینی بەشداربووان بۆ ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و ئەزموونیان لەو چوارچێوەیەدا بە ئامانجی پەرەپێدانی ژێبەندی نەتەوەیی دەپێورێت) وەک گۆڕاوی پێشبینیکار دانرا، ئەنجامە وردەکانی ئەم شیکارییە لە خشتەی (٣)دا نیشاندراون.

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٣) بە ڕوونی دەریدەخەن، کە ڕەهەندی پەروەردەیی کاریگەرییەکی ئەرێنی و زۆر ماناداری ئاماری لەسەر ژێبەندی نەتەوەیی هەیە. هاوکۆلکەی (β) واتە بەهای (Beta) بۆ ڕەهەندی پەروەردەیی بریتییە لە 0.364، کە بەهایەکی ئەرێنی و تا ڕادەیەک بەرزە، ئەمە دووپاتی گریمانەی پەیوەندییە ڕاستەوانەکە دەکاتەوە؛ واتە چەندە کاریگەریی فاکتەری پەروەردەیی بەرزتر بێت، ئەوەندەش ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی لای گەنجان بەرزتر دەبێتەوە، بە شێوەیەکی وردتر لە پێوەری ڕەهەندی پەروەردەدا بۆ هەر یەکەیەک زیادبوون پێشبینیدەکرێت ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی بە بڕی 0.364 یەکە بەرز ببێتەوە، ماناداریی ئاماریی ئەم پەیوەندییە زۆر بەهێزە، بەهای (t)، کە بریتییە لە (9.637) و ئاستی ماناداری (P-value) لە 0.001($p$ < .001) کەمترە، ئەمەش نیشانیدەدات، ئەگەری ئەوەی ئەم پەیوەندییە بە ڕێکەوت بێت، نزیکە لە سفر.

لەسەر ئاستی گونجاوی مۆدێلەکە بەهای ($R^2$) بریتییە لە 0.187، ئەمە واتایەکی گرنگی هەیە، واتە ڕەهەندی پەروەردە بە تەنها دەتوانێت 18.7٪ی جیاوازییەکانی ئاستی ژێبەندی نەتەوەیی لای بەشداربووان ڕوونبکاتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیی ڕەهەندی پەروەردە وەک فاکتەرێکی ڕوونکەرەوەی ژێبەندی نەتەوەیی لەم توێژینەوەیەدا، هەروەها مۆدێلەکە بە گشتی زۆر ماناداره، هەروەک بەهای بەرزی [$F(1, 404) = 92.863, p < .001$] پشتڕاستیدەکاتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی بە پشتبەستن بە ئەنجامە ئەرێنی و زۆر مانادارە ئامارییەکانی خشتەی (٣) گریمانەی توێژینەوەکە، کە پێشبینی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی نێوان ڕەهەندی پەروەردە و ژێبەندی نەتەوەیی دەکرد، بەهێزەوە پشتڕاستدەکرێتەوە، زانیارییەکان بە ڕوونی نیشانیدەدەن، کە تێڕوانینی ئەرێنی بۆ ڕۆڵی سیستمی پەروەردە لە چاندنی هەستی نەتەوەییدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئاستی بەرزی ژێبەندی نەتەوەیی لای گەنجانی بەشداربوو هەیە و ئەم ڕەهەندە لە تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ژێبەندی نەتەوەیی فاکتەرێکی گرنگە.

**خشتەی ژمارە (٣) زانینی ئاستی پێشبینی ڕەهەندی پەروەردە لەسەر هەستی نیشتیمانی**

| گۆڕاو | $R^2$ | Beta | T | F | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی پەروەردە | 0.187 | 0.364 | 9.637 | 92.863 | 0.000 |

**Model Fit:**

$R^2$ = .187; F(1, 404) = 92.863, p < .001

## دەرەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی و لەسەر بنەمای داتای وەسفی و شیکاری چەند دەرەنجامێکی گرنگ دەربارەی ژێبەندی نەتەوەیی لەناو گەنجانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە لە داڕشتنی ئەم هەستەدا دەخاتەڕوو.

**یەکەم؛ ئاستێکی بەرزی ژێبەندی نەتەوەیی**

دەرەنجامەکان بە ڕوونی دەریدەخەن، کە گەنجانی بەشداربوو لەم توێژینەوەیەدا خاوەنی هەستێکی بەهێزی ژێبەندی و شانازیی نەتەوەیین، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەستبوونیان بە هێما نیشتمانییەکانی وەک ئاڵا و سروودی نیشتمانی، شانازیکردنیان بە ناسنامەی نەتەوەیی و بەشداریکردنیان لە بۆنە نەتەوەیی و مێژووییەکان و هەستکردن بە هاوچارەنووسی لەگەڵ کارەسات و دەستکەوتەکانی گەلەکەیاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەم دەرەنجامە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیۆریی ئێتنۆ-سیمبۆلیزمی ئەنتۆنی سمیسدا یەکدەگرێتەوە، کە پێیوایە،

نەتەوە مۆدێرنەکان لەسەر بنەمای گروپی نەژادی پێش مۆدێرن بنیاتدەنرێن، کە لە ڕێگەی ئەفسانە، یادەوەری، هێما و بەها هاوبەشەکانەوە بەردەوامی بە خۆیان دەدەن. بەهێزبی پەیوەستبوونی گەنجی کورد بە ڕابردووی گەلەکەیەوە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی خەیاڵیش بێت، دەریدەخات، کە ناسنامەی نەتەوەیی تەنها داهێنراوێکی سیاسیی مۆدێرن نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی کولتووری و مێژوویی هەیە، هاوکات ئەم دەرەنجامە هاوتایە لەگەڵ کۆمەڵێک توێژینەوەی تر، کە لە بارەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ئەنجامدراون، بۆ نموونە دێڤید ماکداوڵ ئاماژە بەوە دەکات، کە فشارە دەرەکییەکان و مێژووی دوور و درێژی خەبات و چەوسانەوە بووەتە هۆی بەهێزترکردنی ناسنامەی کوردی، نەک سڕینەوەی، بۆیە هەستی بەرزی نەتەوەیی لای گەنجان بەرهەمی گێڕانەوەی نەوەدەکانە بۆ ئەو یادەوەرییە هاوبەشەی، کە پڕە لە بەرگری و قوربانیدان. لە گەڵ تێزی "کۆمەڵگەی خەیاڵکرد"ەی بێندێکت ئەندرسۆن هاوتەریبە، کاتێک زۆرینەی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەکی بەردەاوم بەشداری لە یادکردنەوەی بۆنە مێژووی و نەتەوەییەکان و ڕووداو و کارەساتە ناخۆشەکان دەکەن و هەست بە ئازاری نەتەوەکەیان دەکەن، بەو مانایەی دێت، کە ڕاستە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی دەرفەتی ئەوەیان نییە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن و سەرجەمیان یەکتر ناناسن، بەڵام لە ڕێگەی کۆژانەوە و بە شێوەی خەیاڵکرد هەست بە بوونی کۆمەڵگەکەیان دەکەن. ئەندرسۆن لە چوارچێوەی تێزەکەیدا باس لەوەدەکات کە نەتەوە بوونێکی خەیاڵکراوە لە زەینی تاکەکاندا وێنادەکرێت، ناسنامە ئەگەر بەشێوەی ماددیش دەرنەکەوێت، بەرهەمی پراکتیزەکردنی کولتووری و گێڕانەوەی مێژووییە، کە بە شێوەی دەستەجەمعی لە هزری تاکەکاندا ڕەنگرێژ دەبێت.

**دووەم: ڕۆڵی سیستمی پەروەردە لە ڕوانگەی مۆدێرنیزەکردن و بیناخوازییەوە**

سیستمی پەروەردە وەک فاکتەرێکی سەرەکی و ئەرێنی لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەرکەوت. گەنجان لە ڕێگەی خوێندنەوە ئاشنای مێژوو، کولتوور و جوگرافیای کوردستان بوون و ئەمەش بۆ بەهێزکردنی هەستی شانازی و ژێبەندییان یارمەتیدەر بووە. ڕۆڵی مامۆستایانیش وەک هاندەرێکی سەرەکی بۆ خۆشەویستیی نیشتمان بەرزنرخێنرا. ئەم دەرەنجامانە پشتڕاستکردنەوەی تێڕوانینی قوتابخانەی مۆدێرنیزەکردنە، ئێرنست گێلنەر پێیوایە ناسیۆنالیزم بەرهەمی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازییە، کە تیایدا سیستمێکی پەروەردەیی ستاندارد و گشتی، کولتوورێکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ هێزی کار دروستدەکات. لە هەرێمی کوردستاندا دوای ساڵی ١٩٩١ سیستمی پەروەردە بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی زمان، مێژوو و کولتووری کوردی بە شێوەیەکی فەرمی، کە ئەمەش پایەکانی ناسنامەی نەتەوەیی بەهێزتر کردووە. لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆزینەوەیە لەگەڵ تیۆری بیناخوازی و چەمکی "کۆمەڵگە خەیاڵکردە"ی بێندیکت ئەندەرسۆن تەبایە، ئەندەرسۆن جەخت لەسەر ڕۆڵی "سەرمایەداریی چاپ" و دواتریش میدیا و پەروەردە لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو ملیۆنان کەسدا کە هەرگیز یەکتر نابینن، دەکاتەوە. خوێندنی یەک مێژوو، یەک زمان و یەک جوگرافیا لە قوتابخانەکانی هەرێمدا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی خەیاڵکراوی کوردیی لە زەینی نەوەی نوێدا یارمەتیدەر بووە، بۆ نموونە ناتالی بە وردی باسی لەوە کردووە، کە چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دامەزراوەکانییەوە بە تایبەتی پەروەردە کاری بۆ نەتەوەسازی کردووە.

**سێیەم؛ ئاستی پێشبینیکردنی ژێبەندی نەتەوەیی**

گرنگتر لە هەمووی شیکارییە ئامارییەکان ئەم دەرەنجامانە بە بەڵگەی ژمارەیی دەسەلمێنن، تاقیکردنەوەی تی (T-Test) ئاستێکی مانادارى ئاماری بۆ ڕەهەندی پەروەردەیی نیشاندا، شیکاریی ڕێگرێشن (Regression) پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و بەهێزی لەنێوان ئەزموونی پەروەردەیی و ئاستی ژێبەندی نەتەوەییدا دەرخست، بە شێوەیەک، کە ڕەهەندی پەروەردە بە تەنها دەتوانێت بە ڕێژەی ١٨,٧٪ی پێشبینکردنی هەستی ژێبەندی نەتەوەیی هەبێت.

بەکورتی ئەم توێژینەوەیە وێنەیەکی گشتگیر لەسەر گەنجانی کوردستانی نمایشدەکات، کە خاوەنی هەستێکی نەتەوەیی بەهێزن و سیستەمی پەروەردە وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی داڕشتنی ئەم ناسنامە و هەستە دەردەکەوێت، ئەمەش گریمانەی سەرەکیی توێژینەوەکە پشتڕاستدەکاتەوە.

## پێشنیارەکانی توێژینەوە

پرسی ژێبەندی نەتەوەیی پرسێکی گشتگیرە و پەیوەندی بە سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە سەرنجبخەنە سەر بەربەستەکانی پرسەکە و کار بۆ کەمکردنەوەیان بکەن، لەبەرئەوەی سیستەمی پەروەردە کاریگەرییەکی ئەرێنی و بەرچاوی لەسەر دروستکردنی ژێبەندی نەتەوەیی هەبووە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە بەهێزکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە مێژوو، کولتوور، جوگرافیا، هێما نیشتیمانییەکان و بەها نەتەوەییەکانی کوردستان بەردەوامبن، هەروەها گرنگە ناوەڕۆکەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و سەردەمیانە نوێبکرێنەوە، کە لەگەڵ جیهانبینیی گەنجی ئەمڕۆدا بگونجێت، لەبەرئەوەی دەرکەوت، کە ڕێکخستنی گەشتی مەیدانی بۆ شوێنەوار و شوێنە مێژوویی و نەتەوەییەکان خاڵێکی لاواز بووە، بۆیە پێشنیاز دەکرێت، ڕێکخستنی گەشتی مەیدانیی بەردەوام بۆ مۆزەخانەکان، شوێنەوارە مێژووییەکان، و ئەو شوێنانەی یادەوەریی نەتەوەییان پێوە گرێدراوە (مۆنیۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجە، قەڵای هەولێر، ئەشکەوتی شانەدەر و هی تر) بکرێتە بەشێکی سەرەکیی پرۆگرامی خوێندن، چونکە بینینی شوێنەکان لە نزیکەوە کاریگەریی چەند هێندەی خوێندنەوەی لە کتێبدا هەیە و بە شێوەیەکی فراوانتر هەستی نەتەوەیی بەهێزدەکات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نائومێدیی ئابووری، پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بە مەبەستی فێرکردنی گەنجان زیاتر گرنگی بە وانەکانی کارامەیی پیشەیی و کارسازی بدەن، کە چۆن بتوانن کاری خۆیان دەستبخەن، هەم ئاسۆی ئابووریان فراواندەکات.

جیا لەمانە پێویستە مامۆستایان لە ڕێگەی خولی ڕاهێنانەوە زیاتر ئامادەبکرێن بۆ گەیاندنی پەیامی نیشتیمانپەروەری و یەکێتیی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە هاندانی قوتابیاندا هەیە.

## سەرچاوەکان:


1. خەلیل، هیوا مجید (٢٠٢٤). *ڕێبازی ئابووری: قۆناغەکانی ڕۆستۆ بۆ بوژانەوەی ئابووری*، چاوی کورد. (ئۆنلاین) دوایین سەردانیکردن ٨ی ئایار ٢٠٢٤ لە: **https://shorturl.at/yhhJN**
2. عەلی، جەعفەر (٢٠١٣). ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم، ئەندێشە، سلێمانی.
3. عەلی، ئەبوبەکر (٢٠٠٩). *پەسی بیناکردنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا*، چاپی یەکەم، ڕۆژهەڵات، هەولێر.
4. وەلی، عەبباس (٢٠٢٢). ڕەچەڵەکناسیی کورد، چاپی یەکەم، و: هاشم ئەحمەدزادە، ماڵی وەفایی، هەولێر.
5. ئیروانی، موسڵح (٢٠٢٠) کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان. ئێحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ینستیتووی سیسەتی گشت.
6. Alesina, A., Giuliano, P. and Reich, B., (2021). Nation-building and education. *The Economic Journal*, *131*(638), pp.2273-2303.
7. Anderson, B. (1983). Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. Verso.
8. Anderson, E. and Stansfield, G.R., (2003). *Iraqi Kurdistan: Political development and emergent democracy*. Routledge.
9. Anderson's, S., (2006). Imagined communities. *Literary Criticism and Cultural Theory*, *49*.
10. Arif, B.H. and Mokhtar, T.M., **(**2022**)**. The Kurdish civil war (1994–1998) and its consequences for the governing system in the Kurdistan Region of Iraq. *Asian Affairs*, *53*(3), pp.671-689.
11. Bray, T.M. and Cooper, G.R., (1979). Education and nation building in Nigeria since the civil war. Comparative Education, 15(1), pp.33-41.
12. Bryman, A. and Cramer, D., (2012). *Quantitative data analysis with IBM SPSS 17, 18 & 19: A guide for social scientists*. Routledge.
13. Cohen (1988) *suggests that r ≥ .50 is a strong correlation, while r between .30 and .50 is moderate*.
14. Cronbach, L. J. (1951. Coefficient alpha and the internal structure of tests. *Psychometrika, 16*(3), 297–334.
15. Dzvimbo, M. A., Magijani, (2018). Education as a tool for nation building: The case of Zimbabwe's new curriculum. *The International Journal of Humanities and Social Studies*, *6*(8), 37-44.
16. Ear, C. (2023). *Education for National Identity: A quantitative research on the effect of education on feelings of national identity among the Japanese population.*
17. *Etzioni, A., (2006). Sovereignty as responsibility. Orbis, 50(1), pp.71-85.*
18. Field (2013) emphasizes that statistical significance does not imply causation, so further research is needed to determine causality.
19. Gellner, E. (1983). Nations and Nationalism. Cornell University Press.
20. Giddens, A. (1990). *The Consequences of Modernity*. Stanford: Stanford University Press.
21. Gierszewska, W. and Sinining, V.C., 2023. Civic education in Rwanda: the impact of the Itorero program. *Edukacja Międzykulturowa*, *23*(4), pp.43-55.
22. Hassanpour, A. (1992). *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985*. San Francisco: Mellen Research University Press.
23. Hobsbawm, E.J., (1992). *Nations and nationalism since 1780: Programme, myth, reality*. Cambridge university press.
24. Houston, C., (2009). An anti‐history of a non‐people: Kurds, colonialism, and nationalism in the history of anthropology. *Journal of the Royal Anthropological Institute*, *15*(1), pp.19-35.
25. Leezenberg, M., (2007). Iraqi Kurdistan: contours of a post-civil war society. In *Reconstructing Post-Saddam Iraq* (pp. 79-96). Routledge.
26. Lerner, D. (1958). *The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East*. New York: Free Press.
27. Natali, D. (2005). *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran*. Syracuse, NY: Syracuse University Press.
28. Natali, D. (2010). The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq. Syracuse University Press.
29. Rostow, W.W., (1990). *The stages of economic growth: A non-communist manifesto*. Cambridge university press.
30. Smith, A. D. (1991). *National Identity*. Reno: University of Nevada Press.
31. Smith, A.D. (2009). *Ethno-symbolism and nationalism: A cultural approach*. Routledge.
32. Staley, E. (1966). Education's Role in Nation Building [Review of *Economic and Social Aspects of Educational Planning; Education and Economic Development; The Economics of Education*, by C. A. Anderson, M. J. Bowman, E. A. G. Robinson, & J. E. Vaizey]. *Science*, *153*(3731), 47–49.
33. Tavakol, M. and Dennick, R., (2011). Post-examination analysis of objective tests. *Medical teacher*, *33*(6), pp.447-458.
34. Vangeli, A., (2011). Nation-building ancient Macedonian style: the origins and the effects of the so-called antiquization in Macedonia. *Nationalities Papers*, *39*(1), pp.13-32.
35. Wan, C.D. and Sirat, M., (2018). The development of Malaysian higher education: Making sense of the nation-building agenda in the globalisation era. *Asian Education and Development Studies*, *7*(2), pp.144-156.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Languages and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02- 32

# The Role of Education in Strengthening the Sense of National elonging among the Youth of the Kurdistan Region.

**( Extracted from a PhD dissertation)**

**Gharib Ibrahim Suleiman, Ibrahim Omar Sadiq**

Department of Sociology and Social Work, Faculty of Arts, Soran University, Kurdistan Region - Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

**National belonging, education, nation-building, national identity**

**Corresponding Author**

ghareeb.sulaiman@soran.edu.iq
ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

## Abstract:

Education plays a significant and influential role in building national belonging (affiliation) and creating a sense of connection to a specific nation. Ultimately, these factors facilitate the process of nation-building. This study presents a quantitative investigation into this impact. The primary objective is to determine the predictive level of the educational dimension on the sense of national belonging among the youth of Kurdistan. To collect data, a survey questionnaire was used. The statistical tools employed for the analysis process include: the Pearson Correlation Coefficient, to determine test-retest reliability and to find the relationship between the domains of national belonging and the educational dimension; Cronbach's Alpha, to establish reliability through internal consistency; the One-Sample T-Test, to ascertain the level of national belonging; and Regression analysis, to understand the nature of the relationship between the independent variable and national belonging. The primary theoretical frameworks for this study are Constructivism, Modernization, and Ethno-symbolism. The results indicate a high level of national belonging among the majority of participants. It was also found that the educational experience in the Kurdistan Region has a direct, positive impact on the youth's sense of national pride and identity.